دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٧٨

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

یەك شەممە ● ٣٠ی بەفرانباری ١٣٨٦ ● ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٨ ● ١٥٠ تمەن

## لە پێشوازی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا

رۆژی دووی رێبەندانی ئەم ساڵ شەست و دوویەمینساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی کوردییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کوردی کە لەو ماوە زۆر کورتەی تەمەنی دا توانی هەم خزمەتی گەورەی نەتەوەیی بکاو هەمیش ببێتە هێمای دەسەڵاتی نەتەوەیی‌و دەربازبوون لە چەوسانەوەی نەتەوەیی.

پێشەکی بەم بۆنەیەوە لەلایەن کارگێڕان‌و پێرسۆنێلی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم نیشتمانپەروەران‌و وڵاتپارێزانی کورد دەکەین، بەو ئاواتە کە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە هەوڵ‌و خەبات‌و فیداکاریی خۆیان دەسەڵاتێکی نەتەوەیی ئەوتۆ دامەزرێنن کە جارێك بۆ هەمیشە کۆتایی بە چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردان بێنی‌و لە سایەی‌دا کوردستان وەپێش بکەوێ‌و دانیشتووەکانی بە ئاسوودەیی‌و بەختەوەری بژین.

# بە نەچوون بۆ سەر سندووقەکان ناڕەزایەتی‌و بێ‌متمانەیی خۆتان بەو رێژیمە نیشان بدەن

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دەورەی هەشتەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

رێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئامادە دەکاو بڕیاری داوە ئەو شانۆسازی‌یە رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٦ بەڕێوە بەرێ. ئەگەر رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەرکامە لە روانگەی خۆیەوە خەڵکی بۆ بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە بانگهێشتن دەکەن، دەستەو تاقمەکانی سەر بە رێژیمی ئیسلامی بە شێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا هان دەدەن‌و ئەم کارە بە ئەرکێکی ئیسلامی‌و نیشتمانی دادەنێن.

ئەزموونی نزیك بە سێ دەیەی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا کە نە کاندیداتۆری لە هەڵبژاردنەکانی ئێرانی ئەمرۆدا ئازادە، نە لە زۆربەی حاڵەتەکان دا دەنگدەران لە هەڵبژاردنی کاندیدای دڵخوازی خۆیان دا ئازادن‌و نە لە مەجلیسیش دا ئەوانەی دەیانهەوێ دیفاع لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵك بکەن کارێکیان لەدەست دێ. شووڕای نیگابان هەر کاندیدایەکی بەدڵ نەبوو ناوی لە لیستی کاندیداکان دەسڕێتەوە، سندووقەکانی دەنگدان دەستیان تێ وەردەدرێ‌و هەر کاندیدایەك بە دڵی کاربەدەستان بێ سەر لە سندووق دێنێتە دەرو پاشانیش هەر پەسندکراوێکی مەجلیس بە قازانجی کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار نەبوو لەلایەن شووڕای نیگابان‌و کۆڕی تەشخیسی قازانجی نیزام‌و رێبەری نیزامەوە بە تاڵ دەکرێتەوە. ٢

## گرووپی ١+٥ بۆ تاوتوێ کردنی بەرنووسی بڕیارنامەی سێهەمی سزادانی ئێران لە بێرلین کۆ دەبێتەوە




بەپێی ئەو هەواڵانەی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانەوە بڵاو کراونەتەوەو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاشەوە پشتڕاست کراونەتەوە، بڕیار وایە لەم حەوتوویەدا گرووپی ١+٥ بۆ تاوتوێ کردنی بەرنووسی بڕیارنامەی سزادانی ئێران سەبارەت بە درێژەدان بە بەرنامە ناوکییەکانی پێك بێنێ.

هەر لەم پێوەندییەدا جان نگرۆپۆنتە جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە مەبەستی وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی چین سەردانی ئەو وڵاتەی کردوە. هەر لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئاڵمان رۆژی پێنج شەممە ١٨ی ژانویە بە مەبەستی وتوویژ لەگەڵ محەممەد ئەلبەرادعی سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەردانی ڤیەنی کردوە.

ئەلبەرادعی چەند رۆژ لەمەوبەر لە تاران چاوی بە گەورە بەرپرسی کۆماری ئیسلامی کەوت‌و لەو دیدارەدا داوای لە کاربەدەستانی ئێران کردو گومان‌و پرسیارەکانی ئاژانس سەبارەت بە پرۆژە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە بڕەوێننەوەو لەم بارەیەوە هەم بەرادعی و هەمیش تاران رایان گەیاندوە لەسەر چوارچێوەی "بەرنامەیەکی کاری" رێك کەوتوون.

بەپێی هەواڵدەریی رۆیتێرز، چەند دیپلۆمات باسیان لەوە کردوە کە "رووسیە لەگەڵ بەرنووسی بڕیارنامە نوێیەکەی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ بەرینکردنەوەی چوارچێوەی سزاکان دژی بانکەکانی "صادرات" و "ملی"دا نین." لە بڕیارنامەی ١٧٤٧دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بانکی "سپە"ی خستۆتە چوارچێوەی سزاکانەوە.

## لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا :

## کۆمەڵێك پرسی گرنگی پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٤ی حیزب کەوتنە بەرباس

لە رۆژانی ٢١ تا ٢٣ی بەفرانباردا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی‌و هەروەها دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی پێك هات.

لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك بابەتی گرنگی پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٤ی حیزب لەوانە گەڵاڵەی بەرنامەو پێڕەوی پێشنیاریی دەستەی نووسینەوەی بەرنامەوپێرەوی نوێ، راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە، گەڵاڵەی پێشنیاریی شێوەو میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب‌و کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار کەوتنە بەرباس‌و بۆ پێشنیار کردن بە کۆنگرەی داهاتووی حیزب پەسند کران.

دەفتەری سیاسیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا راگەیەنراوێکی بڵاو کردۆتەوە کە دەقەکەی لە لاپەڕی ٢ دایە.

## شەپۆلی سەرکوتی خوێندکاران مەحکووم دەکەین



ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی ٣٧ زانکۆی ئێران لە راگەیەنراوێکی هاوبەش دا، وێڕای ئاماژە بە سەرکوتی ئەم دواییانەی خوێندکاران، خوازیاری کۆتاییهێنان بەو بەربەستانەن کە دژی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئارا دان. دوابەدوای چاوپێکەوتنی وەزیری عولووم لەگەڵ هێندێك لە دەسەڵاتدارانی ئایینیی پشتی پەردەی سیاسەت، فشار بۆ سەر خوێندکاران‌و بانگ کران‌و دەسبەسەر کردنیان چۆتە سەرو جگە لە دەسبەسەر کرانی بەربڵاوی خوێندکاران لە ١٦ی سەرماوەز، لە رۆژانی رابردووش دا شەپۆلێك لە سەرکوت‌و هێرش بۆ سەر خوێندکاران لە ئارادا بووە.

لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بە هەڵپەساردنی ئەنجومەنی ئیسلامیی چەند زانکۆی وڵات کراوەو لە بەشێکیدا هاتوە لە رۆژانی رابردوداو بە دوای بەڕێوەچوونی رێورەسمی ١٦ی سەرماوەز، بانگ کرانی خوێندکاران بۆ کۆمیتە ئینزباتییەکان‌و هێندێك جار بانگ کران بۆ دادگا، بە بیانووی جۆراوجۆری وەك هەنگاونان دژی ئەمنییەتی میللی یا بێ‌حورمەتی بە بەرپرسان بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوەچوە.

## لە سنە خوێندکارێکی بەندکراو لەژێر ئەشکە نجەدا گیانی لەدەست دا




بەپێی هەواڵ، خوێندکارێکی بەندکراو کە رۆژی ١٦ی بەفرانبار لەکاتی هاتنەدەر لە ژووری تاقیکاری لەلایەن ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە دەسبەسەر کرابوو، شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی بەفرانبار لەژێر ئەشکەنجەی مەئموورانی کۆماری ئیسلامی‌دا گیانی لەدەست دا.

ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی خوێندکاری زانستگەی پەیامی نووری سنە کە بە دەستووری شوعبەی سێی لێپرسینەوە لەو شارە دەستبەسەر کرابوو، بە پێی زانیاریەکان کەسێك بە ناوی "مەهدی مەولا وەلی" کە بە "هاتفی" ناسراوە لە گرتووخانەی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە بەرپرسی ئەشکەنجەو لێپرسینەوە لەو خوێندکارە بووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمبارەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە دەقەکەی لە لاپەڕی ٢ دایە.

بەیاننامە: دیسان "خۆکوشتن" لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ٢


سەفەری بووش بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئامانجەکان، ئاکامەکان ٥


رێبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان راست ٨


سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩


لەپێناوی ئاکتیوکردنی ژنان لە ریزەکانی حیزبدا ١٠


"چەپی نوێ‌و ئامانجی نوێ" ١٠


کارەساتی جیهانی ئایدز ١١

درێژەی

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دەوری هەشتەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران

بەو پێیە هەموو هاونیشتمانان دەزانن کە هەڵبژاردن لە ئێرانی ئیسلامیدا تەنیا ئامرازێکە بۆ بەفریو بردنی دنیای دەرەوەو نیشاندانی رواڵەتێکی دێموکراتیک لە نیزامی ئیسلامیی ئێران. لەو حاڵەتەدا هەموو ئێرانییەك بۆی دەرکەوتوە کە بەشدار بوونو بەشدار نەبوونی لەو جۆرە هەڵبژاردنەدا شوێنەوارێك لەسەر چارەنووسی خۆیو هاونیشتمانانی دانانێو دەردێك لە هەزاران دەردی گەلو نیشتمان دەرمان ناکا. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بە خزمەتێك بە وەدیهاتنی مەبەستەکانی رێژیمی ئیسلامی دەزانێو بە ئەرکی هەموو هاونیشتمانێکی ئێرانیو بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانێ کە بەبێ تەفاوەتیی خۆیان بەرامبەر بەو شانۆسازییە، جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن متمانەیان پێی نیەو لە هەموو بەرنامەکانی بێزارن. با کاربەدەستانی دەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی چەندی دەیانەوێ بە مۆنتاژی فیلمەکانی هەڵبژاردن ئامادەبوونی خەڵك لەسەر سندووقەکان بە گەورە نیشان بدەنو ئاماری سەرسورهێنەر لە بەشداریی خەڵك بخەنە بەرچاوی دنیای دەرەوە. گرنگ ئەوەیە خەڵکی وشیارو تێگەیشتووی کوردستانو سەرانسەری ئێران بە نەچوون بۆ سەر سندووقەکان نارەزایەتیو بێمتمانەیی خۆیان بەو رێژیمە نیشان بدەنو نەبنە کەرەسەیەك بۆ ئیعتبار پەیداکردنی ئەو سیستەمە بێزراو و بێ ئیعتبارە.

هیوادارین خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بێ متمانەیی خۆیان بەم رێژیمە نیشان داوەو فریوی پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامییان نەخواردوە، ئەمجارەش پێگەیشتوویی فکریو سیاسیی خۆیان بە دنیا نیشان بدەنو دەمڕاستەکانی رێژم تووشی ناهومێدی بکەن.

سڵاو لە وشیاریو بێداریی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانو سەرانسەری ئێران

بە ئاواتی رووخانی کۆماری ئیسلامیو هاتنە سەرکاری رێژیمێکی گەلیو دێموکراتی

دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٣٨٦/١٠/٢٧ی هەتاوی
٢٠٠٨/١/١٧ی زایینی

# بەیاننامە:

## دیسان "خۆکوشتن" لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

لایەنگرانی ئازادیو دادپەروەری لە جیهان دا!

هەرجارناجارێك ئازادیخوازێك بەدوور لە چاوی بیروڕای گشتیو رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێ سەروشوێن دەکرێو دواتر رادەگەیەندرێ کە لە زیندان دا خۆی کوشتوە. ئەم رۆژانە جارێکی دیکەو ئەم جارەیان لە زیندانی شارە قارەمانپەروەرەکەی سنە سناریۆی بەناو خۆکوشتنی زیندانیانی ئازادیخواز دووپات بۆتەوە. رۆژی ١٨ی بەفرانبار خوێندکارێکی سنەیی بەناوی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی لە رێگای گەڕانەوەی لە تاقیکردنەوەی زانستگەدا دەکەوێتە بەر پەلاماری بەکرێگیراوانی رێژیمو راپێچی بەندیخانە دەکرێ. تەنیا نۆ رۆژ دواتر تەلەفۆن بۆ بنەماڵەکەی دەکرێ کە ئیبراهیم لە زیندان دا خۆی کوشتوە. بەڵام کاتێك بنەماڵەی لوتفوڵڵاهی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی جگەرگۆشەکەیان سەر لە زیندان دەدەن پێیان دەگوترێ کە تەرمەکەی بەخاك سپێراوە.

ئیسماعیل لوتفوڵڵاهی برای خوێندکاری شەهید رایگەیاندوە کە براکەی هەمیشە مرۆڤێکی گەشبینو ئومیدەوار لە ژیان دا بووەو هەرگیز گومانی ئەوەی لێ نەکراوە کە لە ژیان بێزار بێو پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێ. دوو رۆژ دوای گیرانیشی کاتێك لە زیندان چاوی پێی کەوتووە هیچ نیشانەیەك لە ناهومێدیو بێزاری لە ژیانی پێوە دیار نەبووە.

نەدانەوەی تەرمی ئەو خوێندکارە جوانەمەرگە بە کەسو کاری، بۆ خۆی نیشانەیەکە لەوەی ناوبراو لە ژێر ئەشکەنجەی جەللادەکان دا شەهید بووە یان ئێعدام کراوە. بنەماڵەی ئەو شەهیدە ئێستا داواکاری هەڵدانەوەی گڵکۆی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی و پشکنینی پزیشکی لە سەر تەرمی ناوبراوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە وەڵامیان نەدراوەتەوە.

ئێمە وێرای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە دژی ئینسانییەی پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستانو سەرانسەری ئێرانو لە رێکخراوە جیهانییەکانی لایەنگری ئازادیو دادپەروەری داوا دەکەین پشتی داخوازی رەوای بنەماڵەی ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی بۆ دانەوەی گڵکۆکەیو پشکنینی پزیشکی لەسەر هۆی مردنەکەیو بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەو قەتڵە ناجوامێرانەیە بگرنو جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو جینایەتە دژی ئینسانییانە مەحکووم بکەن.

بە بۆنەی شەهید بوونی خوێندکاری جوانەمەرگ ئیبراهیم لوتفوڵڵاهییەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لەکەسو کارو بنەماڵەکەیو لە خوێندکارانی زانستگەی سنەو هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری سنە دەکەینو خۆمان بە شەریکی غەمیان دەزانین. روحی شادبێو رێگای خەباتی بەردەوام.

دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٦٨/١٠/٢٩

# راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لەسەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

هاونیشتمانە بەرێزەکان!

خەڵکی خەباتکارو خۆڕاگری کورد!

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

رۆژی هەینی ١٣٨٦/١٠/٢١ی هەتاوی ( ٢٠٠٨/١/١١ی زایینی) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی پێك هات.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە بەرە بەرەی گرتنی چاردەیەمین کۆنگرەی خۆی دایەو هەروەها بە سەرنجدان بەو قۆناغە ناسکە کە حیزبو نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەرێو گرینگایەتیی رۆڵو ئەرکی ئەم کۆنگرەیە لەم قۆناغەدا، ئەو کۆبوونەوەیە بۆ هێنانە بەرباسو تاوتوێ کردنی کۆمەڵێك بابەتی گرینگو چارەنوسازی پێوەندیدار بە کۆنگرەوە تەرخان کرابوو.

لێکدانەوەو پەسندکردنی گەڵاڵەی پێشنیاریی دەستەی نووسینەوەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێشکەشکردن بە کۆنگرە، یەکەمین بابەتی گەڵاڵەی پێشنیاری کە بە رۆحێکی نوێخوازانە، نەتەوەییو دێموکراتیکەوە دارێژراوە، رەنگدانەوەی پێویستیەکانی خەباتی سەردەمییانەو ویستە رەواکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. گەڵاڵەی ئاماژە پێکراو بە پێداگرتنێکی زیاتر لەسەر مافە نەتەوەییو دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کوردو دێموکراتیزەتر کردنی پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزبو رەخساندنی بوار بۆ هاتنە ئارای بیرو بۆچونی جیاواز لە نێو ریزەکانی حیزبدا، دەرەتانێکی نوێو کراوەتری بۆ چالاکتر کردنەوەی خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبو بەشداریی زۆرتری ئەندامان لە پرۆسەی بڕیار سازیدا هێناوەتە گۆڕێ. گەڵاڵەی پێشنیاری پاش لێکدانەوەو پێداچوونەوە لەلایەن بەشدارانی کۆبوونەوە بۆ پێشکەشکردن بە کۆنگرە پەسند کرا.

تەوەری دووهەمی باسەکانی کۆبوونەوە، باس لەسەر گەڵاڵەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەخۆ گرتبوو.

راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بە ئاوڕدانەوەیەك لە ئاکامی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی ١٤و هەروەها باسەکانی نێو کۆنفرانسەکان، نێوەرۆكو ئاکامی ئەو کۆنفرانسانەی بە باشو سەرکەوتوو نرخاند. لە راپۆرتەکەدا بارودۆخی سیاسیی جیهان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانو کوردستانو کەشوهەوای زاڵ بەسەر پێوەندییە هەمەلایەنەکانی هێزەکانی ئامادە لە هاوکێشەکاندا خوێندنەوەیەکی وردو راستبینانەیان بۆ کرابوو.

بەشێکی گرینگی راپۆرتەکە بۆ باس لەسەر بەرنامەو ئەرکەکانی داهاتووی حیزب لەم قۆناغە نوێیەدا تەرخان کرابوو. راپۆرتەکە پاش لێکدانەوەیەکی وردو هەمەلایەنە لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ پێشکەش کردن بە کۆنگرە پەسند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گەڵاڵەی پێکهاتەو چۆنیەتی هەڵبژاردنی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەلایەن دەستەی راسپێردراوی کومیتەی ناوەندییەوە ئامادە کرابوو، کەوتە بەرباسو لێکدانەوەی بەشداربووانی کۆبوونەوە. شایانی باسە ئەم گەڵاڵەیەش وەك گەڵاڵەی پێشنیاریی بەرنامەو پیرەوی نێوخۆیی حیزب، لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئێمەو لە پێناو وەدیهێنانی پرەنسیپەکانیدا کە پێدەچێ جێگیر بوونیان نوێبوونەوەو دێموکراتیزاسیۆنی نێوخۆیی حیزبو دەرەنجامیش کاریگەریو ئەکتیڤ بوونەوەی هێزەکانی ئەم حیزبەی لێ بکەوێتەوە، کۆمەڵێك رێووشوێنو میکانیزمی گونجاوی بۆ چۆنیەتیی هەڵبژاردنو پێکهێنانی رێبەریی داهاتووی حیزب هێنابووە ئاراوە. سەرەکیترین باسەکانی ئەم گەڵاڵەیە بریتی بوون لە:

ـــ دیاریکردنی پێکهاتەی رێبەریو قەوارەی رێکخراوەیی داهاتووی حیزب

- دیاریکردنی چۆنییەتیی هەڵبژاردنی رێبەریی داهاتووی حیزب، ئەم بەشە چەند خاڵێکی گرینگو جێگای موناقەشەی لەخۆ گرتبوون کە بە کورتی بریتی بوون لە:

١ـ دیاریکردنی میکانیزمێکی نوێ بۆ خۆکاندیدکردن،

٢ـ دەستنیشان کردنی چەند پێوەرێك بۆ کاندیداتۆری،

٣ـ دۆزینەوەی میکانیزم بۆ مسۆگەر کردنی بەشداریی ژنان لە رێبەریی حیزبدا،

٤ـ پێداگرتن لەسەر جێگیرکردنی شێوەکاری بە بەرنامەو راسپاردنی کۆمیتەی ناوەندی بۆ چاوەدێری کردنی بەرێوەچوونی پلانەکان.

ئەم گەڵاڵەیەش پاش لێکدانەوەی وردو باسو موناقەشەیەکی زۆری بەشداربووانی کۆبوونەوە، بۆ پێشکەشکردن بە کۆنگرە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسندکرا.

کۆبوونەوە لە دوایین برگەی کاری خۆیدا هاتە سەرباسو دیارکردنی جێگاو کاتی بەستنی کۆنگرەو سەلاحییەتی دیاریکردنی وردی کاتو جێگای بەستنی کۆنگرەی بە دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە دا.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سێ رۆژی خایاند لە رێکەوتی ١٣٨٦/١٠/٢٣ی هەتاوی بەرامبەر ٢٠٠٨/١/١٣ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی هێناو بڕیارەکانی بۆ جێبەجێکردن بەلایەنە پێوەندیدارەکان سپێردران.

بە هیوای بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووو تێکۆشانێکی شێلگیرانەتر لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نەتەوەی کورد.

دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٣٨٦/١٠/٢٤ی هەتاوی
٢٠٠٨/١/١٤ی زایینی

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی بە بۆنەی دووی ڕێبەندان

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شارەکانی بانەو سەقزو بۆکان تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە پیرۆزەو دەربڕینی هەستی خۆشی بە بۆنەی ئەو جێژنە نەتەوەییەوە، لە ڕۆژانی ٢٦، ٢٧، ٢٨ دا دەستیان کردوە بە تەبلیغاتی بەربڵاو. هێندێك لەو شوێنانەی ئەو شارانە کە چالاکییان لێ بەڕێوەچوە، بریتین لە:

**بانە:**

کوچەو کۆڵانەکانی دەوروپشتی مزگەوتی خدری، دەوروبەری پردی سەرچۆمی بانە، ئیدارەی کارو کۆڵانەکانی دەوروبەری، گەڕەکی بانە کۆن، گەڕەکی سەبتو ئەحواڵ، شەهرەکی نوور، گەڕەکی ساتاوا، باشگای سەفەری، دەبیرستانی حجاب، گەڕەکی ئازادەگان، دەوروبەری نەخۆشخانەی "صلاح الدين ايوبی".


**سەقز:**

بەشێك لە کۆڵانو شەقامەکانی شار

**بۆکان:**

فەلەکەی ئەسکەندەری، فەلەکەی فەرمانداری، بانکی کەشاوەرزی، میراوا، مەجبور ئاواو گوندەکانی گوێگجەلی، مشیر ئاباد، ئەرمەنی بلاغی، ڕەحیم خان، برایم ئاباد، گامێش گۆلی، قەڵای حوسێن ئاباد، شینئاوا، ئەسکەر ئاباد، جادەی بۆکان ـ میاندواو.

## کۆچی دوایی دڵسۆزێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی ١٤ی بەفرانباری ئەمساڵ مام ڕەحیم مەهدەوی، باوکی هاوڕێی بەڕێز کەریم مەهدەوی (کەریم سەقزی) تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد.

مام ڕەحیم ساڵی ١٣١٩ لە گوندی قشڵاخی سەر بە ناوچەی سەقز لە دایك ببوو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران چارەنووسی مام ڕەحیم بە بۆنەی تێکۆشانی کوڕە خەباتکارەکەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لەگەڵ چارەنووسی ئەم حیزبە گرێ درا. بەو هۆیەوە کە کاك کەریم سەقزی یەکێك لە سیما نیزامیو تەشکیلاتییە ناسراوەکانی حیزبی دێموکرات بوو، کەوتە ژێر فشاری بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیو زۆر جار لەلایەن دەزگای سەرکوتو سرویسی جاسووسی ڕێژیمەوە بانگ کراو ئازارو ئەزیەت درا. لەو پێوەندیەدا بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە ماڵی خۆی ئاوارە بوو و ناچار بوو ماڵو مڵکی بەجێ بێڵێ.

"کوردستان" بەبۆنەی کۆچی دوایی مام ڕەحیم، سەرەخۆشی لە هاوڕێ کەریم سەقزیو سەرجەم بنەماڵەو کەسوکاری ئەم دڵسۆزەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا.

## ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ : پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاد دا توندتر بووە




ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی ٥١ لاپەڕیدا کۆماری ئیسلامیی بە سەرکوتی بەرهەڵستکارانی خۆی تاوانبار کردوەو گوتوویەتی کۆماری ئیسلامی تەنانەت یاساکانی خۆیشی لەو بوارەدا پێشێل دەکا.

هەواڵدەریی B.B.C لەو بارەوە دەنووسێ: "ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوە لە حەوت بەنددا داڕێژراوە کە بە تایبەت کەشی حوقووقیی ئێران، ئامانجەکانی سەرکوتە ڕوو لە هەڵکشانەکان، هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ چالاکانو دەستبەسەرکردنیان لە بەندی ٢٠٩ زیندانی ئێوین داو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان ئێرانو ئەمریکا دەگرێتەوە."

ئەو ڕاپۆرتە باس لەوە دەکا کە کۆماری ئیسلامی لە کەشی حوقووقیی ئێران بۆ سەرکوتی بەرهەڵستکارانی سوود وەردەگرێو لە بەشێکی دا هاتوە: "ئامێری سەرەکیی حکوومەت بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتییەکان، کۆمەڵێك لە یاساکانن کە لە چوارچێوەی یاسای سزای ئیسلامیو لە ژێر ناوی تاوان گەلی دژ بە تەناهی نێوخۆییو دەرەکی خۆیان دەنوێنن. ئەو یاسایانە چالاکییە ئاشتیخوازانەکانو "ئازادیی ڕادەربڕین"یش دەخەنە پەراوێزی یاسای پاراستنی تەناهیی نەتەوەییەوە."

سنووردارբوونی مافی گیراوەکان، دەست پێڕانەگەیشتن بە پارێزەر، زیندان بە بێتاوانو دەستبەسەرکردنی هاووڵاتان بەبێ ئەوەی مافی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەیان هەبێو چۆنیەتیی ئیدارەی زیندانەکان، لەو بابەتانایە کە ڕێکخراوی ناوبراو نیگەرانیی خۆی سەبارەت بەوان دەربڕیوە.

هەروەها چاوەدێری مافی مرۆڤ، حکوومەتی ئێران تاوانبار دەکا بە کەڵك وەرگرتن لە یاسا ئەمنییەتییەکان کە دەکرێ خوێندنەوەی جۆراوجۆریان لێبکرێ، هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی دەنگی چالاکانی مەدەنی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان کپ بکاو لەم پێوەندییەدا کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی لە پێوەندیی دوژمنکارانەی ئەمریکاو ئێران وەك بیانوویەك بۆ ڕێگەگرتن لە دەربڕینی ئاشتیخوازانەی بیروبۆچوونی جیاوازو تاوانبار کردنی چالاکان بە وەرگرتنی پارە لە دەوڵەتی ئەمریکا سوود وەردەگرێ.

### خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی ورمێ

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی بەفرانبار بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر، نزیك بە هەزار خوێندکار خۆپێشاندانێك لەبەر دەرگای ئوستانداریی ورمێ بە ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەر نەبوونی سووتەمەنی بەتایبەت گاز، وەڕێ خرا.

دوا بەدوای ئەو خۆپێشاندانە لەلایەن ئوستانداریو زانکۆی ورمێوە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە گیراو تا ١ی ڕێبەندان پشوو لەو زانکۆیەدا ڕاگەیەندرا.

ئەو دروشمانەی کە لەو خۆپێشاندانەدا وتران، بریتی بوون لە: "دانشجو میمیرد ذلت نمیپذیرد" (خوێندکار دەمرێ بەڵام سەرشۆڕی قبووڵ ناکا) و .... هتد.

## ٦٠ خوێندکار لە خوێندنی زانکۆ بێبەش کراون

٦٠ خوێندکاری زانکۆکانی ئێران لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگی ڕابردوو دا بانگ کراونەتە کۆمیتە ئینتزامیەکان و دەگەڵ حوکمی قورس وەك بێبەشکران لە خوێندن ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

لە کاتێك دا ئەو ڕاپۆرتە بڵاو کراوەتەوە کە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لە ئێران ژمارەی خوێندکارانی بێبەش کراوی ڕانەگەیاندوە.

لە کۆتایی ساڵی ڕابردووش دا هێندێك خوێندکار نزیك بە تاقیکارییەکانی کۆتایی کۆرس(ترم) بانگ کراونە ناوەندە ئینتزامییەکان و لەخوێندن بۆ ماوەیەك هەڵپەسێردراون، کە وەزیری زانست بە دوای ناڕەزایەتی دەربڕینی هێندێك ڕاگەیانەکان ئەو مەسەلەیە بە هەڵکەوت لەقەڵەم دەدا.

چالاکانی خوێندکاری لە هێندێك لەزانکۆکان وەك زانکۆی شیراز تەنانەت بانگ کراونەتە ئیدارەی ئیتیلاعاتیش.

ئەمین نەزەری، دەبیری ئەنجومەنی ئیسلامیی زانکۆی "بوعلی" هەمەدان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیۆ فەردا دەڵێ: " چوار کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئیسلامیی هەڵبژێردراوی ئەو زانکۆیە بۆماوەی کۆرسێك هەڵپەسێردراونو و بۆشەش کەسی دیکەش حوکمی سەرکۆنە و پەروەندەسازی ڕەچاو کراوە."

ناوبراو کە خۆی حوکم دراوە لە درێژەی وتووێژەکەدا سەبارەت بە تۆمەتی خۆی و هاورێکانی دەڵێ: تاوانی خوێندکاران، شێواندنی نەزمی زانکۆ و بەرزکردنەوەی دروشم دژی کۆماری ئیسلامی بووە. بەڵام تاوانی خۆم بەڕێوەبردنی بەرنامەی کۆبوونەوەی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت لە ڕۆژی ١٨ سەرماوەز بووە.

نەزەری بە ئاماژەی بەوەی کە خوێندکاران ناڕەزایەتی دژی ئەو حوکمانە دەردەبڕن، وتی: "بزووتنەوەی خوێندکاری وێدەچێ تەنیا دامەزراوێکی چالاکی ئێستای وڵات بێ، کەخۆی بەستراوە بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نازانێ."

ناوبراو نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی بۆ هاتنەئارای گرژی و سەختگیری دژی خوێندکاران بەکاریگەر زانی.

هەر لەو کاتەدا سەلمان یەزدانپەنا، خوێندکاری سەربەخۆ و دێموکراسیخوازی زانکۆی تاران بە دوو کۆرس هەڵپەساردن لە خوێندن مەحکووم کراوە. ناوبراو دەڵێ بەتۆمەتی جنێوو قسەی ناشیرین بە فەرمانبەرانی زانکۆ لە خوێندن بێ بەش کراوە کەچی کەس سکاڵای لێی نیە.

تاوانێکی دیکەی یەزدانپەنا بەشداری لە ڕێورەسمی شەوی حەوتەی زارا بەنی یاقووبە. ناوبراو خوێندکاری پزشکی لە زانکۆی هەمەدان بوو کە دەگوترێ خۆی کوشتوە، کەچی بنەماڵەکەی و خاتو شیرینی عیبادیی پارێزەری، لە سەر ئەو بڕوایەن کوژراوە.

یەزدانپەنا دەڵێ تاوانێکی دیکەی کۆبوونەوەی زانکۆی ئەمیر کەبیرە کە بۆ پشتیوانی کردن لە سێ خوێندکاری دەستبەسەری ئەو زانکۆیە، ئێحسان مەنسووری، ئەحمەد قەسابان و مەجید تەوەکوولیە، کە سەرۆکی زانکۆ بەفەرمی سکاڵای داوەتە دادگا بەهۆی ئەوەی کە ناوبراو نەزمی زانکۆی شێواندوە.

شایانی باسە ناوبراو بیست ڕۆژی دیکە کاتی بەشداری لە تاقیکاریی"کارشناسی ارشد" (ماجیستێر) دەکا بەڵام وێدەچێ نەتوانێ بەشداری بکا.

## سەردانی هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی ئازادیی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی ١٣٨٦/١٠/٢٠ هەیئەتێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاك حسێن یەزدانپەناو چەند هاوڕێیەکی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دوو سەعاتەدا باسو ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا لەسەر مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژو پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت پێوەندیو هاوکاری لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. هەردووك لا هاوڕا بوون کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر لەگەڵ یەکتری دیالۆگو وتووێژ بکەنو هەوڵ بدەن میکانیزمێك بدۆزرێتەوە تا هاوئاهەنگیو یەکڕیزی لە نێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ تێکۆشانو خەبات لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان.

## نەبوونی سووتەمەنی، پیشەسازیی ئێرانی تووشی قەیران کردوە




### کێشەی گازو نان

١ـ نرخی نان لە هێندێ لە ناوچەکانی ئێران بەتایبەت پارێزگاکانی مازەندەرانو گوڵستان زیاتر لە ٢٠٠٪ بەرز بۆتەوە. هەرچەند هێندێ هەواڵ باس لە بەرزبوونەوەی ٧٠٠٪ دەکەنو دەڵێن لە هێندێ لە شارەکانی ئەو پارێزگایانە نرخی نان گەیشتۆتە ٥٠٠ تمەن.

٢ـ دەوڵەت بۆ دابەزاندنی نیگەرانیی خەڵك لە نەبوونو گرانیی نان لەو دوو پارێزگایە، ڕۆژی هەینی نانی ئەو دوو پارێزگایەی لە تارانەوە دابین کرد. لەو لایشەوە کاتێك شارۆمەندانی تارانی وەك هەمیشە بۆ کڕینی نان چوونە فرۆشگەکان، ڕوبەڕووی وڵامی "نیمانە" بوونەوە.

٣ـ بێجگە لە نان، لەو دوو پارێزگایەدا شیرو هێلکەو باقی پێداویستییەکانی خەڵکیش لە کەمیی داوە. تاکە هێلکەیەك لە شارەکانی ئەو پارێزگایانەدا بە ٥٠٠ تمەن دەفرۆشرێ. ئەو پشێویە بۆ بارینی بەفرو بەردەوامیی سەرماو بەستەڵەکو سەهۆڵبەندانی ڕێگاکان دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەوە ڕواڵەتی کێشەکەیە.

٤ـ بڕیار بوو ساڵی ڕابردوو فازی ٩،١٠ی مەیدانی نەوتی پارسی باشوور وەکار کەوێو ئەو دوو فازە ڕۆژانە ٥٠ میلیۆن میتری دووجا گاز بەرهەم بێنن. بەڵام ئەوە وەدی نەهات. هۆیەکەشی ئەوەیە لەبەر هۆکاری سیاسیو ئەو گەمارۆیانەی دەخرێتە سەر وڵات، سەرمایە نیەو وەبەرهێنانی دەرەکی لە نێوخۆی ئێران دا لاواز بووە. ئەگەرچی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد باس لە هەڵکشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لە وڵات دا دەکا لە تەواوی بەشەکانی ئابووریدا بەتایبەت نەوتو گاز، بەڵام بە کردەوە ڕووداوگەلێك دێنە ئاراوە هەموو ئەو پڕۆژانەی دەوڵەتی دەبنەوە بڵقی سەر ئاو.

٥ـ لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەت توانای بەرهەمهێنانی نیە، بەهۆی ناپوختەییو بەڕێوەبەریی ناشیانە بەشی داواکاری بردە سەرێ. ئەویش بە ناچار کردنی گازسووز کردنی ماشێنەکان. ئێستاش لەگەڵ کێشەی نەبوونی گاز ڕوبەڕوو بۆتەوە سەرەڕای ئەوەی کە گازی پێویستی ماڵانیش لە کەمیی داوە. بەپێی وتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەتەوەیی گاز، لانیکەم سەدان بنەماڵە لە پارێزگاکانی باکوور لەگەڵ کەمیی گاز یان بڕانی گاز بەرەوڕوون. ئەوە لە کاتێك دایە شەپۆلێکی نوێی ساردو سەرما بەڕێوەیە.

٦ـ قەیرانی ئابووریی کێشەی کەمبوونی گازو قازانج ویستیی بەڕێوەبەری بەوە کۆتایی نایە. ئەوە سێ حەوتوویە کۆمپانیە پیشەسازییەکان بەهۆی کەمبوونی گازو گرانیی لە ڕادەبەدەری گازۆئیل ڕوبەڕووی ڕاوەستانی هێڵی بەرهەمهێنان بوونەتەوە. بەڵام چونکی بە بڕوای دەسەڵاتبەدەستانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد کە پێیان وایە پیشەسازی ئەو پێویستیەی نیە، بۆ ئەوەی نیگەرانیو ئەگەری ناڕەزایەتیی دەربڕینی خەڵکی دابەزێنن، گازی هەموو بەشەکانی پیشەسازی، بۆ خەڵك تەرخان کردوە.

٧ـ بارودۆخەکە بەڕادەیەك قەیراناوییە کە سەرۆکی دەوڵەت بەپەلە سەردانی مازەندەرانو گوڵستانی کردو بەڵێنی داوە تا دوو سێ ڕۆژی دیکە واتا دووشەممەو سێشەممە هەموو شتێك ئاسایی کاتەوە.

بە هەرحاڵ ئەوە چارەنووسی خەڵکی ئێرانە. گرفتاری بەڕێوەبەرییەکی ناشیانە، بە هاوین ترسی بڕانی کارەباو هەڵکردن لەگەڵ گەرماو زستانیش نەبوونی گازو تەزووی سەرما.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"

# درێژەی هەواڵەکان

**بەرز ڕاگرتنی یادی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

ڕۆژی ١٣ی ژانویەی ٢٠٠٨ ڕێورەسمێکی بەشکۆ لە شاری تۆرنتۆی کانادا بە بۆنەی ٦٢یەمینساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو. ڕێورەسمەکە کە لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی کانادا ڕێکخرابوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کۆمەڵێك حیزب و ڕێکخراوی سیاسی پێشکەش بە بەشداربووان کرا کە بریتی بوون لە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا،



لێژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان،
یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان،
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - مەڵبەندی ئامریکای باکوور،
ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە،
و هەروەها پەیامی ماڵی کورد خوێندرانەوە.
خوێندنەوەی شێعر و پەخشان نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو ڕێورەسمە بوون. پێویستە بگوترێ لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە لە لایەن برایم جەهانگیرییەوە خوێندرایەوە، ئاماژە بە ڕۆڵ و گرینگیی کۆماری کوردستان وەك ڕێنسانسی مێژووی کورد و دەسکەوتەکانی کۆمار کرابوو. لە پەیامەکەدا بایەخدان بە زمانی کوردی لە سەردەمی کۆمارو دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە لە پەرەگرتنی زمانی کوردی بەرز نرخابوو و هەروەها هەڵکردنی ئالای سێ ڕەنگی کوردستان و بایەخدان بە مافی ژنان بە هەنگاوێکی دێمۆکراتیك و نەتەوەیی ناو برابوو.

## ئاڵمان داوا دەکا ئێران دەست لە سزای ئیعدام و بەردباران هەڵگرێ

بە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، کە داوای لە ئێران کردبوو تا سزای بەردباران لە یاسای سزاکانی خۆی دەرباوێژێ، وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمانیش خوازیاری لابردنی ئەم جۆرە سزایە و سەرجەم شێوازەکانی جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بوو .

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، مارتین گایگێر، لە وەزیری ئەو وڵاتە فرانک شتاین مایێردەگێڕێتەوە کە: "لە دانیشتنەکانی پێشووماندا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران بە ڕوونی ئاماژەمان بەوە کردبوو کە ئەو هەڵسوکەوتە بە هەڵە دەزانین و لە وتووێژەکانی داهاتووشدا لە سەر ئەم خاڵە پێدادەگرینەوە کە وەها کردەوەیەک نابێ ئەنجام بدرێن."

گایگێر لە درێژەی وتەکانیدا بە سەرنجدان بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی وتی کە دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ئەرخەیان کردبۆوە کە سزای بەردباران ئیتر لە ئێران دووپات نابێتەوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین جار ئەو ڕێکخراوە لە جێبەجێکرانی ئەو سزایە لە ئێران ئاگادار کراوەتەوە.



## ئەشکەنجەو ئازاری دوو بەندکراوی سیاسی لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە

دوو کەس لە چالاکانی سیاسی بە ناوەکانی عەبدوڵڵا حەیدەریان و شوکروڵڵا حەیدەری کە ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە لایەن هێزە ئیتیلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە دەسبەسەر کران، وێڕای تێپەڕبوونی بڕیاری دوو مانگەی بەندکرانیان و لە کاتێکدا کە هیچ ڕەوتێکی یاسایی بۆ درێژەدان بە مانەوەیان لە زینداندا ڕەچاو نەکراوە، هەروا لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە لە چارەنووسێکی نادیاردا ڕاگیراون.

ڕاگیرانی ئەو دوو چالاکە سیاسیە لە حاڵێکدا هەروا لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە لە زینداندا ڕاگیراون کە عەبدوڵڵا حەیدەریان لە ئەنجامی لێدان و ئەشکەنجەی مەئموورانی وەزارەتی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی، دەستی چەپی ناوبراو بە تەواوی لە کار کەوتوە.

ڕێکخراوی "کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران" وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە ڕادەگەیەنێ کە پزیشکەکانی زیندان لە ئەنجامی پشکنینی پزیشکیدا، داوای پێڕاگەیشتنی خێرایان بۆ ناوبراو کردوە بەڵام دادگای ئینقلابی سنە ڕایگەیاندوە کە ناوبراو پێویستیی بە دەرمانکردن نیە و بەوەش خۆی لە دەرکردنی مۆڵەتنامەی پێڕاگەیشتنی پزیشکی بۆ عەبدوڵڵا حەیدەریان بواردوە و بەو کردەوەیەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی تەندروستیی ناوبراو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێ .

## شەوانی ساردی کرماشان بە بێ گاز تێپەڕ دەبن

لە کاتێکدا پلەی سەرما پارێزگای کرماشان تا ئاستی ٢٥ دەرەجەی ژێر سیفر دابەزی، دانیشتوانی زۆربەی شارەکانی ئەو پارێزگایە شەویان بە بێ گاز تێپەڕ کرد.

بەپێی هەواڵ پلەی سەرما لە شاری سونقوڕی کولیایی تا ٢٥ دەرەجەی ژێر سیفر دابەزی و لە شاری کرماشانیش پلەی سەرما گەیشتە ١٨ دەرەجەی ژێر سیفر .

سازمانی ئامووزش و پەروەرشی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند کە بەهۆی سەرمای لە ڕادەبەدەر بۆ نۆهەمین ڕۆژ بە دوای یەکدا هەموو قوتابخانەکانی کرماشان، سەحنە، کەنگاوەر، هەرسین، سونقوری کولیایی، ئیسلاماباد، جوانرۆ و ڕەوانسەر لە هەردوو دانی بەیانی و ئێوارە لە پشوودا دەبن .

## گیرانی دایکی خوێندکارێکی بەندکراو

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی بەفرانبار دایکی خوێندکاری بەندکراو یاسر گوڵی، لە لایەن مەئمووڕانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیەوە، قۆڵبەست کراو بەرەو شوێنێکی نادیار گواسترایەوە.

ئاژانسی هەواڵی موکریان کە ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە، ڕادەگەیەنێ کە فاتمە گوفتاری دایکی یاسر گوڵی بۆ وەرگرتنەوەی کەلوپەلی کوڕەکەی لە لایەن ئیتیلاعاتەوە بانگ کرابوو، بەڵام لەوێ بەهۆکارێکی ناڕوون دەسبەسەر کرا .

خوێندکار یاسر گوڵی خەڵکی شاری سنەیە کە لە مانگی ڕەزبەری ڕابردووەوە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کراوە و تا ئێستا هەر وا لە زیندان دا ماوەتەوە .

## ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە ئێران دەکا سزای بەردباران بەیەکجاری وەلابنێ

لە کاتێکدا کە لە ئێران ٩ ژن و ٢ پیاو چاوەڕوانی سزای بەردباران دەکەن، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی هەینی ١١ی ژانویە، داوای لە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە کرد ئیعدام بە شێوەی بەردباران بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە و لەو شێوە سزایە خۆ ببوێرێ کە بەتایبەتی بۆ زیاکردنی ژان و ئازاری مەحکوومان داڕێژراوە.

لە درێژەی داوانامەکەدا هاتوە؛ سزای بەردباران بۆ "زینا" لە ئێران لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە ئەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا تەنانەت وەک تاوانیش ناناسرێ‌و لە زۆربەی وڵاتانی موسوڵمانیش بە شێوازێکی دیکە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. زۆربەی ئەوانەی بەو حوکمە ئیعدام کراون ژن بوون. ئێران لەو وڵاتانەیە کە نرخی شایەتی ژن لە دادگادا بەقەت نیوەی شایەتی پیاو برەوی هەیە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی پێیوایە پێملبوونی ئێران بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایە ڕەچاو نەکراوە و داوای لابردنی ئەو یاسایە و یاسای "سزای پێوەندیی جنسی نامەشرووع" لە ناو سیستمی دادوەریی ئەو وڵاتە دەکا.

لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتوە کە جێبەجێکردنی سزای بەردباران یەکێک لە قێزەونترین شێوازەکانی ئیعدامە. بەجۆرێک کە: ئەو بەردانەی بۆ بەجێگەیاندنی سزای بەردباران کەڵکیان لێوەردەگیردرێ دەبێ بچووک بن تا بە یەکجار و بەخێرایی کەسەکە نەکوژرێ. بەڵام ناشبێ ئەوەندە بچووک بن کە حیسابی بەردیان بۆ نەکرێ.

بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکە پیاوان تا نێوقەد و ژنان تا سەرسینگ چاڵ دەکرێن. دوایە لەبەرچاوی دادوەر و ئامادەبوان ئەوەندە بەرد بە تاوانبار دادەدرێ تا لە ژێر تەپۆڵکێکی بە بەرد هەڵچنراودا دەنێژرێ.

## کرماشان: دەستبەسەرکرانی بنەماڵەی چالاکێکی سیاسی

ڕۆژی ١٦ی بەفرانبار، هێزە ئیتیلاعاتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان بردە سەر ماڵی چالاکێکی سیاسیی کورد لە شاری کرماشان و دوای لێدان و ئازار، چوار ئەندامی بنەماڵەکەیان دەستبەسەر کرد .

بەپێی هەواڵێکی "چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران"، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیەک بەناوی ئەحمەد جەواهێری و زۆربەی کەلوپەلەکانی ناوماڵی ناوبراویان شکاند و هاوکات ئەندامانی ئەو بنەماڵەیان وەبەر لێدان دا. بەجۆرێک کە مناڵێکی شیرەخۆرە و کچێکی تازەپێگەیشتووی بنەماڵەکەیان بە تەواوی بریندار کرد .

مەئموورانی ڕێژیم دواتر چوار ئەندامی ئەو بنەماڵەیەیان بە ناوەکانی :ئەحمەد جەواهێری، ڕابیعە قوبادی، فاتمە جەواهیری و چیا جەواهیری دەستبەسەر کرد و بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردن. تەنیا هەواڵێک کە لەو پێوەندیەدا لەبەردەست دایە، کاربەدەستانی ڕێژیم مۆڵەتیان بە مناڵە شیرەخۆرەکە داوە تا لە نەخۆشخانەدا چارەسەری برینەکانی بۆ بکرێ .

## یەکیەتیی دێموکراتیکی خویندکارانی کورد داوای ئازادیی خوێندکارانی بەندکراو دەکا

لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕێکخراوی "یەکێتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد" لە ئێران داوا لە کاربەدەستان و دەسەڵاتداران دەکا تا خوێندکارە بەندکراوەکانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و سەرجەم خوێندکارە گیراوەکانی تر ئازاد بکا .

ڕاگەیەندراوەکە لە ژێر سەردێڕی: "دۆلارەکانی نەوت بۆ چێکردنی زیندانێک بە پانتایی ئێران خەرج بکەن"، بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە: "زیندانەکانی ئێستا جێگای خوێندکارانی ڕەخنەگری پاوانخوازی و ئیستبدادیان تێدا نابێتەوە. بەڵێ زیندان، ئەشکەنجە، دابڕاندن لە خوێندن و تۆمەتگەلی بێبنەمای وەک جیاییخوازی، پێوەندی گرتن لەگەڵ بێگانە، ئاڵۆزکردنی بیروڕای گشتی و هەوڵدان بەدژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو ڕستە و دەستەواژانەن کە لەبیر مێژووی خەباتی خوێندکاری بەگشتی و بە تایبەتی خەباتی خویندکارانی کورد ناچنەوە و بەشێک لەو دەستەواژانە بەتایبەتی کراون بە ئاوەڵدوانەی بێ ئەملاوئەولای خەباتی خوێندکاریی کوردی".

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا، یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد داوای ئازادیی بۆ هاوڕێیانی بەندکراویان؛ سۆهراب کەریمی، فەرشاد دوستیپور، محەممەد ساڵح ئەیومەن و جەوادی عەلیزادە دەکا کە مانگێک بەر لە بڵاو بوونەوەی ئەم ڕاگەیەندراوە، لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەر دەربڕینی بیرورا لە زانستگای تاران لە لایەن دەزگا ئیتیلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە دەسبەسەر کران. لەم پێوەندیەدا هاتوە: "... ئەوانە تەنیا تاوانیان برواکردن بەو دروشمە هەڵخەڵەتێنەرانەیە بوو کە وڵاتەکەمان ئازادترین وڵاتی دنیایە و بە چاوی پاکبینی خۆیانەوە لە دەوروبەریان دەڕوانی و پێیانوابوو لە وڵاتێکدا کە سەرکۆماری وڵاتی شەیتانی گەورە بۆ قسەکردن لە زانستگاکانی بانگهێشت دەکرێ، سروشتیە بۆ ئەو کەسانەی لەم نیشتمانەدا لەدایکبوون و چەندین ساڵە خەمی ئەم وڵاتە دەخۆن، دەرفەتێکی بچووک هەیە تا بتوانن کورتەباسێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن، بەڵام"...

لە دوایین بەشی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتوە: "لەکۆتاییدا ئێمە وەک یەکێتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد داوای ئازادیی بێ شەرت و مەرجی خوێندکارانی بەندکراو سۆهراب کەریمی، فەرشاد دوستیپور، محەممەد ساڵح ئەیومەن، جەواد عەلیزادە، یاسر گوڵی، سەباح نەسری و هیدایەت غەزالی و ... دەکەین و لەسەر ئەو ڕاستیە پێدادەگرینەوە کە تا ئێستا هیچ هۆکارێکی یاسایی بۆ دەسبەسەرکردنی ئەو هاوڕێیانەمان پیشان نەدراوە".

## ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە بیستەمین ساڵیادی شەهیدبوونی سەید ڕەسووڵی دێهقان

ڕۆژی شەممە، ١٢ی ژانویەی ٢٠٠٨ لە شاری ڤێستڕۆسی سوئێد ڕێورەسمێکی ڕازاوە بە مەبەستی یادکردنەوە لە بیستەمین ساڵیادی شەهیدبوونی سەید ڕەسووڵی دێهقان ناسراو بە سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە لایەن بنەماڵەی شەهیدەوە پێك هات. لەو ڕێورەسمەدا کە ژمارەیەك لە دۆستان و هاوخەباتیانی شەهیدی نەمر بەشدار بوون، هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکرات و هەروەها ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان تێیدا ئامادە بوون.

ژیان و کەسایەتی و ڕۆڵی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، بابەتی باسی کۆمەڵێك کەسایەتی بوو کە لە ڕێورەسمەکەدا پێشکەش کران. پێویستە بگوترێ پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە لە لایەن مامۆستا ئاشق پێشکەش کرا.


## قەسری شیرین: تەقینەوەی مین شوانێکی بە سەختی بریندار کرد

ڕۆژی ٢٦ی بەفرانبار لە نیزیک پاسگای گوندی هەفت دەهنە شوانێک بە ناوی ئومید پەرهوون تەمەن ٢٠ ساڵ کەوتە سەر مین و هەر دوو قاچی بە سەختی بریندار بوو .ناوبراو بە پەلە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی قەسری شیرین.

ناوچەی قەسری شیرین یەکێک لەو ناوچانەیە کە لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی ئەو دوو وڵاتە بووە و بەم هۆیەوە ناوچەکە لە لایەن دوو لایەنەوە مینرێژ کراوە و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا هەوڵێکی بەرچاویان بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچەیە لە مین نەداوە. بە جۆرێک کە ساڵانە گیانی زۆرێک لە خەڵکی کاسبکار و شوان و ئاژەڵداران دەبێ بە قوربانی ئەو مینانەی کە پتر لە بیست ساڵ بەسەر چاندنیاندا تێپەڕیوە .

# سەفەری بووش بۆ رۆژهەڵاتی نیوەڕاست ئامانجەکان، ئاکامەکان

عەولا بەهرامی


AFP

سەفەری چەند رۆژەی جۆرج بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوابەدوای کۆنفرانسی ئاشتیی ئاناپولیس‌و بلاوبوونەوەی راپۆرتی دەزگا زانیارییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پرۆژەی چەکی ناوکیی ئێران‌و کاریگەرییەکانی ئەم دوو گۆڕانکارییە دەتوانێ گرنگیی تایبەت بە خۆی هەبێ.

**پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل - فەلەستین:**

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی سەفەری بووش بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە سەردانی ئیسرائیل‌و فەلەستین دەستی پێکرد، گوڕبەخشین بە وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان ئەم دوو لایەنە بوو کە بە کۆنفرانسی ئاناپولیس چۆتە قۆناخێکی دیکەوە. هەرچەند روانگەی جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بە یەك‌و رەشبینانەش سەبارەت بەم هەوڵە نوێیەی واشنگتۆن هەیە، بەم حاڵەش بووش وادیارە دەیهەوێ بە خوێندنەوەیەکی دیکەوە لە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل - فەلەستین (یان عەرەب ئیسرائیل) لە دوایین ساڵی سەرۆك کۆمارییەکەیدا سەرکەوتنێك بۆ خۆی‌و وڵاتەکەی تۆمار بکا. بۆیە دەتوانین بڵێین سەفەرەکەی بووش بۆ ئیسرائیل‌و فەلەستین‌و وڵاتانی عەرەبی ناوچە لەلایەك نیشانەی سووربوونی دەوڵەتی بووش لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل - فەلەستینە‌و لە لایەکیش دروست کردنی جۆرێك متمانەیە لە نێو وڵاتانی عەرەبی‌دا بۆ ئەوەی هەم بە نۆرەی خۆیان یارمەتی بە سەرکەوتنی پرۆسەکە بکەن‌و هەمیش لەسەر جۆرێك هاوکاری لە دژی مەترسییەکانی ئێران لە خۆی‌و لە یەکتریان نزیك بکاتەوە.

ئەوەی لەم بارەیەوە بەدی دەکرێ ئەمەیە کە واشنگتۆن دەیهەوێ ئەو بێ‌متمانەییەی لە لای خەڵکی دنیای عەرەب‌و وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بەو پشتیوانییە گەورەیەی لە ئیسرائیلی دەکا بەرەو رەواندنەوە بەرێ‌و لەوەش گرنگتر رێگە لە نفووزو کاریگەریی کۆماری ئیسلامی‌و سووریە لەو وڵاتانەداو سوود وەرگرتنی رێژیمی تاران‌و گرووپە ئیسلامییەکانی ناوچە لە کێشەی فەلەستین بگرێ. چونکە ئیدی وادیارە ئەمریکا لە هەرکات زیاتر بەوە گەیشتوە کە درێژەکێشانی پرسی فەلەستین بە زیانی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا تەواو دەبێ‌و ئەوەی لەم نێوەدا سوودمەند دەبێ کۆماری ئیسلامی‌و سووریەو گرووپە بونیادگەرا ئیسلامییەکانن. سەردانی بووش لە ناوەندی دەسەڵاتی فەلەستین‌و پێداگرتنەوە لەسەر پێویستیی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین‌و گەڕاندنەوەی بەشێك لە ئاوارەکان‌و گەڕاندنەوەی ئیسرائیل بۆ سنوورەکانی ١٩٦٧ دەتوانن بە بەشێك لە ئاماژەکانی پێداگریی واشنگتۆن لە سەر پشتگری کردن لە پرۆسەی ئاشتی‌و دڵنیایی بەخشین بە وڵاتانی عەرەبیی ناوچە بژمێردرێ.

**ئێران‌و مەترسییەکانی بۆ سەر تەناهیی ناوچەو جیهان:**

بابەتێکی دیکە کە لە سەفەرەکەی بووش بۆ وڵاتانی ناوچەدا بە زەقی رەنگی دابۆوەو تەنانەت بە شێوەیەك بە ئامانجی یەکەمی بووشەوە گرێ درابوو، بریتی بوو لە زەق کردنەوەی مەترسیی رێژیمی ئێران بۆ سەر وڵاتانی ناوچەو جیهان، بە چەشنێك کە سەرکۆماری ئەمریکا لە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی گوتی: "ئێران هەڕەشە لە تەناهیی جیهان دەکا". دیارە لەمبارەیەوە کە وڵاتانی ناوچەو لەنێو ئەوانیش دا وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی فارس هەست بە مەترسییەکانی ئێران دەکەن گومانێك نیە، بەڵام ئامانجی جۆرج بووش لەو سەفەرەدا بریتی بوو لە دروست کردنی جۆرێك هاوئاهەنگی‌و هاوکاری لە نێوان ئەو وڵاتانەدا، کە دیارە مەبەست لەوەش جگە لە دروست کردنی فشار بۆ سەر رێژیمی تاران، کەم کردنەوەی نفووزی ئەم رێژیمە لە وڵاتانی ناوچەو بەتایبەت لە وڵاتانی وەك فەلەستین‌و لوبنان دایە. چونکە هەم واشنگتۆن‌و هەم وڵاتانی عەرەبیی ناوچەو بە باشی هەست بە دەوری دژە جێگیری‌و دژە ئاشتیی رێژیمی تاران لە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل - فەلەستین‌و بە گشتی عەرەب - ئیسرائیل دا دەکەن‌و دەزانن بەرژەوەندیی رێژیمی تاران لە چارەسەرنەکرانی قەیرانەکانی ئەو ناوچەیەدایەو ئەگەر ئەو قەیرانانە چارەسەر بکرێن رێگەی نفووزو دەستێوەردان‌و سوودوەرگرتنی تارانیش لە هەستی دژە ئەمریکایی‌و دژەئیسرائیلیی خەڵکی وڵاتانی ناوچە بەرتەسك دەبێتەوە.

دانی بەڵێنی فرۆشتنی سیستمی دژە مووشەك‌و چەکی پێشکەوتوو بە هێندێك لە وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس دەکرێ ئاماژەیەك بێ بەو راستییە کە وڵاتانی ناوچە دەیانهەوێ لە بەرانبەر مەترسییەکانی رێژیمی تاران بۆ سەر تەناهیی خۆیان تەیار بکەن‌و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە یارمەتییەکانی ئەمریکا وەرگرن. دیارە ئەوەش دەتوانێ هەنگاوێك بێ لە پێناو ئەو ئامانجەی بووش لە سەفەرەکەدا لە پێناو دروست کردنی جۆرە هاوئاهەنگییەك لە نێوان وڵاتانی ناوچەدا لە ئاست هەڕەشەکانی ئێران لە تەناهی جیهانی‌و ناوچەیی.

هەر چەند ئەو سەفەرەی بووش لە هەلومەرجێکی تایبەت دا کە لە لایەك وادەی سەرۆك کۆمارییەکەی بەرەو کۆتایی دەڕواو لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل - فەلەستین کۆسپی گەورەی لەبەردەم دایە، بۆیە ئەم گومانە دەتوانێ لە جێی خۆی‌دا بێ کە ناکرێ لە ئێستاوە چاوەڕوان بکرێ تا کۆتایی خولی سەرۆك کۆمارییەکەی بووش ئاکامێکی دڵخواز لە پرۆسەی ئاشتی بکەوێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجی دووهەمی سەفەرەکەی جۆرج بووشیش دا دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە هەرچەند تا پێکهاتنی کۆدەنگی‌و بەرەیەکی دژ بە هەڕەشەکانی رێژیمی تاران لە ناوچەکەدا مەودایەکی زۆر هەیە، بەڵام بەو حاڵەش چاوەڕوان دەکرێ پێ بە پێی بەرەوپێش چوونی پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل - فەلەستین‌و بەردەوامیی هەڕەشەکانی تاران لە تەناهیی وڵاتانی ناوچە زیاتر خۆی دەربخا.

# بیلانی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٧ دا

و: سمایل شەرەفی

**بەشێك لە راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی هەواڵنێری بێ سنوور**

لە سەرەتای راپۆرتەکەدا هاتوە کە. لە ساڵی رابردوودا لانیکەم ٨٦ رۆژنامەنووس لە سەرانسەری جیهان دا کوژراون. ئەو ئامارە ساڵ لە دوای ساڵ پەرە دەستێنێ. لە ماوەی ٥ ساڵ دا رادەی رۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە ٢٥ کەسەوە گیشتۆتە٨٨ کەس. نزیکترین ئامار لەم ژمارەیە ئاماری رۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە ساڵی ١٩٩٤ دایە. لەم ساڵە دا ١٠٣ رۆژنامەنووس لە ژینوسایدی رواندا، شەڕی نێوخۆیی لە"ئەلجزاییر و یوگسلاوی" کوژراون.

هەر لە درێژەی ئەو راپۆرتەی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنووردا هاتوە کە، زیاتر لە نیوەی رۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ لە عێراق گیانیان لە دەست داوە. تاکوو ئێستا لە هیچ وڵاتێك، هیچ کاتێك ئەوەندە رۆژنامەنووس نەکوژراون، لە وڵاتی عێراق لە سەرەتای هێرشی ئامریکا لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ ٢٠٧ کەس لە فەرمانبەرانی راگەیەنەکان، کوژراون. نە لە شەڕی بیست ساڵەی ویتنام و نە لە شەڕی نێوخۆیی یوگوسلاوی و نە لە کۆمەڵکوژیی رواندا دا ئەوندە رۆژنامەنووس و هاوکارانی راگەیەنەکان نەکوژراون.

پێویستە گەورەبەرپرسانی دەوڵەتی عێراق و ئەمریکا، کە خۆشیان لە پەرەسەندنی توندوتیژی بە رامبەر بە رۆژنامەنووسان دا تۆمەتبارن، رێگەچارەیەکی لێبڕاوانە بۆ پێشگرتن لە کوژرانی رۆژنامەنووسەکان بگرنە بەر.

رێکخراوی پەیامنێرانی بێ‌سنوور لە بە شێکی راپۆرتەکەیدا سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بڵاوی کردۆتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لە نۆهەمین ساڵرۆژی کوشتاری رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی ئێرانی لە ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا کە بە"قەتڵە زنجیرەییەکان" ناسراوە، ئەو رێکخراوە بە ناردنی نامەیەك بۆ"لونیز ئاربور" کۆمیسێری باڵای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ دا، خوازیاری هەنگاونانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پیوەندی لەگەڵ کوژرانی ئەو رۆژنامەنووسانە بووە. لە نامەی رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بۆ ئاغای "لونیز ئاربور"دا هاتوە کە، ئەو جینایەتە، شەپۆلێکی بێزاری‌و نارەزایەتیی بەرامبەر بە بڕیاردەرانی ئەو قەتڵانە لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە لێ کەوتەوە، ئێستاش زۆربەی خەڵکی




ئێران سەرەڕای ئەو کۆسپانەی کە لەلایەن رێژیمەوە بۆیان دروست دەکرێ، بەڵام لە رێورەسمی یاکردنەوە لەو قوربانیانەدا بەشداری دەکەن. لە دادگایی کردنەکان دا کە چوار ساڵی خایاندو سەرەڕای ئەوە کە دەزگای دادوەری، دەستی تێدا بوون‌و بەشداری کردنی ١٥ مۆرەی ئیدارەی ئیتلاعاتی لە قەتڵە زنجیرەییەکان، پشت راست کردەوە، بەڵام نە راستی و نە دادپەروەری لە بەرچاو نەگیران. لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی دا بنەماڵەی قوربانیان بۆ لێپرسینەوەو رەچاو کردنی دادپەروەری، سکاڵایان بردە بەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و کۆمیسارییای بەرزی مافەکانی مرۆڤ. بنەماڵەی قوربانیان‌و رێکخراوەکانی داکۆکیاری مافەکانی مرۆڤ هیچ کات بڕیاری دادگاکانی ئێرانیان پەسند نەکرد، چونکە بڕیاردەرانی سەرەکی ئەو تاوانە سیاسیانە دادگایی نەکراون و تاکوو ئەمڕۆش نەناسێندراون‌و سزا نەدراون.

هەر لە درێژەی ئەو راپۆرتەی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنووردا لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا، هاتوە: ئێران لە پلەبەندیی ساڵی ٢٠٠٧ لە نێوان ١٦٩ وڵات دا لە پلەی ١٦٦ دا جێی گرتوە، لەو وڵاتەدا رۆژنامەنووسان روبەرووی سەرکوت‌و هێرشی حکوومەت دەبنەوەو رێگای هیچ جۆرە رەخنەگرتنێکیان پێ نادەن و ناهێڵن داخوازە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بخنە روو و هەروەك ساڵانی پێشوو ئێران گەورەترین بەندیخانەی رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دایە. هەر ئێستا ١١ رۆژنامەنووس‌و ٢ وێبلاگ نووس لە ئێران واتە لە بندیخانەکانی ئەو وڵاتەدا دەستبەسەر کراون. زۆربەی رۆژنامەنووسەکانی دیکەش لە

بۆ لاپەڕی ٨

# برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### مستەفا ڕەوانپاک

زستانی ئەم ساڵ ٢٢ ساڵ بەسەر نووسینی چیرۆکێکی درێژم دا ڕادەبرێ کە هێشتا بڵاوم نەکردۆتەوەو، تەنیا ژمارەیەکی ١٠ ـ ١٢ ەکەسی لە هاوڕێیانم خوێندوویانەتەوە. هۆی بڵاونەکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە یەکەم ئەزموونی چیرۆکنوسی منەو لە باشی تێکنیک‌و دارشتنەکەی رازی نیم. بەڵام نێوەرۆکەکەی بە دڵمە، چونکە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆمەو، ڕووداوێکی راستەقینەیە، هێناومەتە سەر کاغەز. ئەوانەش کە خوێندوویانەوە بە گوتەی خۆیان بە دڵیان بووەو چێژیان لێ وەرگرتوە.

چیرۆکە هێشتا بڵاونەکراوەکەم کە خۆی لە ١٠٠ لاپەرەیەک دەدا، ((مچەی کەچە))ی ناوە. مچەی کەچە ئەو کوڕە هەژارەی هاودێییم بوو کە لەتەمەنی ٢٠ ساڵی داو لە کاتێك دا کە هەر ساڵێك دەبوو ژیانی هاوبەشی پێك هێنا بوو ژاری نۆشی‌و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. "مچە" هەمان مستەفایە کە خەڵکی لادێ، نەك لە بە خۆشەویستیش بەڵکوو بۆ کورتکردنەوەی‌و تەنانەت بە کەمگرتن، بۆ هێندێك لە بۆ مستەفا ناوەکانی بە کاری دێنن. بابی ئەو مستەفایەی هاوڕێم کوێخا حوسێنی ناو بوو، بەو هۆیەوە کە لە سەردەمی خۆیدا کەلێکی خێچ‌و خوار یان کەلێکی خاوەن شاخی خێچ‌و خواری هەبوو، پێیان دەگوت وسێنە کەچە". "مچەی کەچە" ناوە راستەقینەکەو سجیلی‌یەکەی مستەفا ڕەوانپاک بوو، کورتکراوەی مستەفای وسێنە کەچە" بوو.

لەگەڵ مستەفا هاوتەمەن بووین. دوو ساڵی سەرەتایی خوێندنمان پێکەوە تەواو کرد. لەبەر هەژاری‌و دەستکورتی بنەماڵەکەی، دوای تەواو کردنی پێنجەمی سەرەتایی بە نابەدڵی‌و لە حالێك دا قوتابیەکی زیرەك بوو، دەستی لە خوێندن هەڵگرت. تەمەنی منداڵی‌و مێرمنداڵی بە قازەوانی‌و گوێلکەوانی‌و کارداری تێپەڕ کرد. مستەفا ١٥ ١٦ ساڵە بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووخاند. لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و پەیدابوونی پێشمەرگەو دەست بەکار بوونی ڕێکخراوی لاوان، مستەفاش وەك من‌و کۆمەڵێك هاوڕێی دیکەی تێکەڵ بە چالاکیی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و کاروباری یەکیەتیی لاوان بوو. زستانی ١٣٥٨و سەرانسەری ساڵی ١٣٥٩، مستەفای تازە لاو، چالاکانە کاروباری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی نەك هەر لە ناوچەی شنۆ، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەی حەسەن نووڕای دا بەڕێوە دەبرد. مستەفا بەهرەیەکی خۆڕسکی هونەری هەبوو. خاوەنی دەنگێکی خۆش بووو ئەم بەهرەیەی خستبووە خزمەت بەرەوپێشبردنی کاری یەکیەتیی لاوان. مستەفا ڕەوانپاك بە گۆرانیە خۆشەکان‌و سروودە شۆڕشگێڕانەکانی، ببووە سیمایەکی ناسراوی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەداو تا دەهات پتر بە کار لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوان دا دڵگەرم دەبوو. لە بنکەی یەکیەتیی لاوان لە دێیەکەمان، کلاسی خوێندەوار کردنی لاوە نەخوێندەوارەکانی کردبۆوەو خوێندنەوەو نووسینی فێرکردن. بەردەوام لە هەوڵی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانە بچووکەکی یەکیەتیی لاوانی دێ دا بووو پۆل پۆل لاوان‌و مێرمنداڵانی دێی کۆ دەکردەوە، چیرۆك‌و ڕۆمانی بۆ دەخوێندنەوە، یا شێعرەکانی قانیع‌و هەژارو هێمنی پێ لەبەر دەکردن.

دستکورتی بنەماڵە لەبەردەم بوونی مستەفا بە پێشمەرگەدا، ڕێگر بوو. بۆیە کاتێك ناوچەی شنۆ کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌و دەسەڵاتی جەهەننەمی ئەو ڕێژیمە بەسەر ئەو ناوچەیەدا زاڵ بوو، مستەفا هەر لەوێ مایەوە. بەڵام هەر لە لای هاوڕێیانی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی حیزبە خۆشەویستەکەی بوو، لە لایەکەوە کرێکاری دەکرد تا بژێوی دایك‌و بابی پیرو ٣ خوشکەکەی پەیدا بکا، لە لایەکی دیکەش وەك ئەندامی یەکیەتیی لاوان هەڵ دەسووڕاو هاوکارو دڵسۆزی کادرو پێشمەرگە بوو.

نێوەڕاستەکانی بەهاری ساڵی ١٣٦٢ بوو. چەند ڕۆژێك بوو لە گەشت‌و گەڕانی تەشکیلاتی‌و تەبلیغاتی لە ناوچەی شنۆو سندوس دا بووین، لە "دێ شەمس" بە ڕێکەوت تووشی هاوڕێیەکم بووم. گوتی هاتووم خزمەکانی کوێخا حوسێن بەم. مستەفا دەرمانی خواردو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئایا ژانی ژیان تەنگی بە مستەفا هەڵچنیبوو یان هۆکارێکی دیکە پاڵی پێوەنابوو پەنا بۆ خۆکوشتن با؟ وڵامەکەی هەر کامێکیان بێ، هیچ لە ئەسڵی مەسەلەکە کە هەڵوەرینی گوڵی تەمەنی لاوێکی نیشتمانپەروەری خاوەن بەهرەی دڵ پڕ لە ئاوات بوو، ناگۆڕێ.

بەو حاڵەش من نەم ویستوە ددان بە مردنی مستەفا دابنێم‌و هەر ئەوەکە زۆرجار نووسینی خۆم بە ناوی ئەوەوە بڵاو کردۆتەوە لەم ئۆگرییەم بەو لاوە ناکامە، سەرچاوە دەگرێ.

# سەفەر

**بۆ ئاسۆی مامزادەی هونەرمەندو ئەو ئاوازەی ئەم شێعرەی لێ لەدایك بوو**

جەماڵ نەجاری



من لێرەم‌و سەفەرێك نییە،
بمگاتێ
من لێرەم‌و سەفەرێك نییە،
بیگەمێ
سەفەریش هەمیشە لەگەڵمە
لە ناو ڕۆحی یاخی بووما
لە ناودەست‌و لە ناو ڕۆح‌و
لە ناو چاوی بێقەرارما.
سەفەر تەنیا هاودەمێکە
لە گەڵ منا نان دەخوات‌و
ئاوێزانی باڵم دەبێت،
لەگەڵ منا ئاو دەخوات‌و
سەیری دڵی ماندووم دەکات
لەگەڵ منا سەما دەکات، هیلاك
دەبێ‌و
لەسەر کورسی تەنیایی دا
دەنیشێ
لەگەڵ منا دەخەوێت‌و
سەمفۆنیای بەرەبەیان
دەژەنێت
لەگەڵ منا پێدەکەنێ‌و جلێکی
جوان لەبەر دەکات
لەگەڵ منا توورە دەبێت
سەفەر سەفەری یاخی
سەفەری سەرشێت
سەفەری تووڕە
لەگەڵ منا تووڕە دەبێت.
جوان لەبیرمە
سەفەر هات‌و جلەکانی باوکمی
برد
سەفەر هات‌و نیگاکانی باوکمی
برد
پەپوولە لە چاوم هەڵفرێ
سەفەر هات‌و پڕ بە ژووری
تەنیاییما
شێعری ژاکاند
گوڵی نووسی
پەنجەرەی لەسەر باران داخست
خوای لە ژوورێ دا هێشتەوە
سەفەر هات‌و بۆ دوایین جار
ئازاری دام
هێدی هێدی، هەموو ڕەنگێکی
سەفەری‌دا ئەشکەنجە دا
ئای کە چەند بێڕەحمی سەفەر
ئای کە چەند ئاشق بووی
سەفەر
تۆ کە هاتی
دەستەکانم لە ڕەنگی (با)دا
هەڵوەرین
لێوەکانم
ئای لێوەکانم
سەفەر
سەفەری ماندوو
سەفەری تووڕە لە من
ماچی لە لێوەکانم قەدەغە کرد
سەفەر هات‌و بۆ دوایین جار
ئەوینی برد، بۆ هەرێمێك کە
ڕەنگی خاك‌و بۆنی خاك‌و
شێوەی پتر لە خاك دەچوو
سەفەر هات‌و هەمووانی ئاوارە
کرد
بۆ دوایین جار
لە ژێر چادرداخی ئاوارەیی،
من‌و سەفەر تێر تێر گریاین
من‌و سەفەر ئاوێزانی باڵای
یەکتر دەبووین
سەفەر شەوێك باسی خۆی‌و
خەونەکانی بۆ دەکردم
باسی گوڵ‌و باسی شەڕو باسی
ئاشتیی ئەم هەرێمەی بۆ
دەکردم
منیش تەنیا، لە ژوور سەری
بیرەوەریەکانی سەفەردا
کوڵی گریان دایگرتم
ئای سەفەری ماندوو لە من
ئای منی ماندوو لە سەفەر
چەندە مانەوە لێرە، کە کەسێك
نیە بمگاتێ
کە کەسێك نیە بیگەمێ
خەریکە زیاتر لەخۆما ون دەبم
خەریکە سەفەر دێتە ناو
دەروونم
چ ئازارێکی پڕ ژانە ئەم سەفەرە
ئەم چیرۆکە
ئەم هەرێمە.
هاتووم بەڵکوو سەفەر لەگەڵ
خۆیا بمبات،
هاتووم تاکوو جارێکی تر بارانی
بم،
لە گشت وەرزەکانی ساڵدا.
من سەفەری ماندوو لە خۆم،
جێ ناهێڵم
سەفەری ماندوو لە من لە خۆی
جێ ناهێڵێ.

هەولێر ٢٠٠٧/٤/٢٠

# بێ مانایی‌و شێعر


بێهنام باوەند پوور

وەرگێرانی: سامان کۆنەپووشی

پرسیار هەموو کات ئاراستەی بەردەنگێك دەکرێت‌و روونەکە بەردەنگی پرسیارکردن لە سەر ژیان، مرۆڤێکە کە بەبێ ویستی خۆی لە دایك بووەو بەبێ ئەوەش کە بخوازێت دەبێ ماڵئاوایی لە ژیان بکات‌و لێی جیا بێتەوە. ئەو هەستەی کە مرۆڤ لە کاتی رامان‌و وردبوونەوە لەم راستیە رەها بێ ئامانج‌و بەرووکەش سانایە تووشی دەبێت، هەستی ((بێ مانایی))ە. یەکێك لە گرینگترین‌و بنچینەیی ترین ئەرکەکانی شێعر لە مانا بەرفراوانەکەیدا، واتە هونەرە ئاخاوتەییەکان، بریتییە لە دەرخستن‌و ئاشکرا کردنی ئەم هەستی بی ماناییە لە رووخسار (کالبد)ی وشەدا. لە جیهانێکدا کە ویستی هێز (دەسەڵات)و بەربەرەکانێ بۆ مانەوە وەك بنەمایی‌ترین هانەی ژیان لە قەڵەم دەدرێت، مرۆڤ دەخوازێت ماناگەلێکی دیکەو لەوانەشە جوانتر بە ژیان ببەخشێت. دەبێ بگوترێت کە هەرچەند دین لەم بیاڤەدا رۆڵی پێشەنگ دەگێرێت، بەڵام ئاشکرایە کە کەسانێکی ((بێ دین))یش هەن کە دەخوازن بە هۆی کەرەستەگەلێکی دیکەی لە چەشنی "مۆراڵ"و "فەلسەفە" مانایەك بە ژیان ببەخشن، بەڵام تۆ بڵێی بتوانین مانا بۆ جیهانێك بدۆزینەوە کە مێژوەکەی مەبەست‌و ئامانجێکی نیەو ناشتوانێت ببیێت؟

مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی‌و بە مەبەستی گارانتی کردنی ژیانی، خۆی بە شتێکدا هەڵداواسێت. ئەمە مافی هەموو مرۆڤێکە کە کارێك بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت ژیان تەحەموول بکات، بەڵام ئایا جیهانی ئێمە شرۆڤە هەڵدەگرێت‌و روون دەبێتەوە؟ وەڵام دانەوەی نەرێنی بەم پرسیارە چەمکێك بە ناوی "ئابسۆرد" یان "بێ مانایی"و "پوچی" دەئافرێنرێت.

ئالبێر کامۆ لە کتێبە ناودارەکەیدا، "ئۆستورەی سیزیف"، بە باشی دۆخی مرۆڤی هاوچەرخ، کە لە جیهانێکدا دەژی بە باوەرگەلێکی لێك دابراوەوە، تیمار دەکات‌و دەڵێت: جیهانێك کە تەنانەت بە دیکۆمێنت‌و بەڵگەگەلێکی کەموکورتیدارو سەقەتەوە شرۆڤە هەڵبگرێت‌و روون بێتەوە، جیهانێکی ئاشنایە. بەڵام مرۆڤ لە کاکێشان



(کهکشان)ێکدا کە لە ناکاو فانتازیاو رووناکایی ئاوەزی لێ دزراوە، خۆی بە نامۆ دەبینێتەوە. رێگایەك لەبۆ چوونەوە دەرو دەرباز بوون لەم دوورخستنەوەیە لە گۆرێدا نیە، چونکە لەودا هیچ بیرەوەرییەك لەو نیشتمانەی کە لە دەست چووەو هیچ هیوایەك بە وڵاتی بەڵێندراو لە ئارادا نیە. ئەم دابرانەی مرۆڤ لە ژیان‌و ئەم دابرانەی ئەکتەر لە سێن، هەمان هەستی "بێ مانایی"ە.

**هیچ**
**پەیڤی هیچ**
**شەوانە**
**گەشەدەکات‌و دەوەرێ**
**بە هێز**
**رۆژی ئەو**
**دەروێنێ**
**ئەو**
**بە ژیاندا رۆدەچێت**
**هەروەك خەنجەر**
**بەگۆشتدا**

تادئۆش رۆژەویچ، شاعێری لەهستانی، لەدایك بووی ١٩٢١

کامۆ دەڵێت کەسێك لەودیو دیوارێکی شووشەییەوە بە تەلەفون قسان دەکات، دەنگی نابیسترێت، بەڵام دەتوانین جووڵە بێ ماناکانی روخساری ببینین: مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت، ئەو لەبەر چی زیندووە؟ ئەم دردۆنگییە بە سەرنجدان لە نامرۆیی بوونی مرۆڤ خۆی، ئەم داشکانەی کە بە سەرنجدان لە وێنەی کەسێك کە خۆمانە هەڵناسەنگێندرێت، ئەم "رشانەوەیە" بەوجۆرەی کە یەکێك لە نوسەرانی هاوچەرخ دەڵێت: ئەمەش هەر "بێ مانایی"ە.

کاتێك کە هەمووان دەمرن، کاتێك کە ئەم "هەمووە" "بە تەنیایی" دەچنە ژێر خاك، کاتێك کە هەموو بەهاکان بە مردن بێ بایەخ دەبن، لێرە دایە کە "بێ مانایی" "مانا" وەدەست دێنێت.

کاریگەری ئەم بێ ماناییە لە سەر شێعرو ئەدەبیات ئەوە بووە کە شاعیرانی مۆدێرن لە راستای "دروستکردنی پشێوی لە لۆژیکدا هەتا گەیشتن بە ئاستی بێ مانایی" هەڵسوکەوتیان کردوە، بەرادەیەك کە شاعیرێکی وەك ئاندرێ برۆتۆن تەنیا "بێ مانایی" بە بابەتێکی شیاو بۆ شێعر دەزانێت.

بە گشتی نوارینەوەی شاعیران لە "بێ مانایی"و "پوچ" بوونی جیهان هاورێیە لەگەڵ کۆمێدیای رەشدا. کۆمێدیایەك کە نابێ لەگەڵ خۆش زەوقیدا تێکەڵی بکەین.

بە هەر حاڵ شێعر ناخوازێت جیهان بکاتە شوێنێك کە پتر لەوەی کە هەیە تەحەموولی نەکرێت.

شاعیر لە وەها جیهانێکی "پووچ" دا بە کۆمێدیایەکی تاڵەوە لە "بێ مانایی" رادەمێنێت‌و لەسەر "پووچی" دەنووسێت، چونکە لەوانەیە تەنیا دژەژار (پادزهر)ی ئەم بێ ماناییە ژاربزە (زهرخند)ی سەر لە نوێ پووچی شێعر بێت.

**کێلم ناوێ**

(بە سروش وەرگرتن لە شێعرێکی بێرتولت کە هەر بەم ناوە هۆنیویەتیەوە)

**کێلم ناوێ**
**ئەگەر بەردێکتان**
**بۆ داناوم**
**پێم خۆشە لەسەری بنوسن**
**ئەو هیچ پێشنیارێکی نەبوو**
**و ئەمەش نە شانازی بوو بۆی**
**نە شەرمیشی لێ دەکرد**
**ئێمە هۆکاری ئەمەمان زانی**
**و ژیانمان هیچ بە شادی نەبینی**
**ئەگەر وا بکەن دواتر**
**هەمووان رازین**
**و هیچ**
**بۆ هەموو کەس**
**جێی شانازی**

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



پاسترناك ـ بۆریس
١٩٨٠ ـ ١٩٦٢

بە یەکێك لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئەدەبیات لە سەدەی بیست‌و یەکەم دا دەژمێردرێ، ساڵی ١٩٨٠ لە مسکۆ لە دایك بووە، بابی یەکێك لە نیگارکێشە بەناوبانگەکانی ئەو کات بووەو رۆزا کافەی دایکی موسیقی زانێکی شارەزا بووە. بوریس لە لاویەتی دا تامەزرۆییەکی زۆری بە فێربوونی موسیقی هەبووە، بەڵام دوایە هەوڵی فێر بوونی فەلسەفەی داوە، بۆ خوێندنی فەلسەفە چووەتە لای پرۆفیسۆر (کۆهن) مامۆستای زانکۆی ماربرۆکی ئاڵمان. کاتی شەری یەکەمی جیهانی گەراوەتەوە بۆ رووسیەو لە کارخانەیەکی هەڵکەوتوو لە کێوەکانی ئۆراڵ خەریکی کار بووە، دواتر هێندێك کاری وەك کتێبداری، کاروباری ئەدەبی، شێعرو موسیقی کردە پیشەی خۆی، زۆربەی شێعرەکانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ ـ ١٩٣٢ بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٣٢وە لەبەر نەبوونی هاوئاهەنگی‌و هاوکاری ئەو چینە کۆمەڵایەتییەکانی دەورووبەری گۆشەنشین بوو. پاسترناك دەتوانین بە یەکێك لە سەرکەوتووترین وەرگێرانی بەرهەمەکانی شکسپیر بۆ سەر زمانی رووسی بناسین، خەڵاتی بۆ بێلی لە ساڵی ١٩٥٨ بە بۆنەی نووسینی کتێبی، دوکتور ژیواگۆ وەرگرت، بەرهەمەکانی پاستریك بریتین لە، هەڵهاتن لە هەسارەکان، شێعرە دەستەچنکان، رێبەری بێ مەترسی (ئوتوبیوگرافی)، دوکتور ژیواگۆ، لە نێو تەواوی بەرهەمەکانی دا کتێبی دوکتور ژیواگۆ ناسراوترینیانە، کە عەلی موحیت زادە کاری وەرگێرانی کردوە.




# سینەمای خۆف

## بەشی شەشەم‌و کۆتایی

نووسینی: ناسر رەسووڵی

بە دوای پێنج ژمارەی پێشوو باس کردن لە خانە جۆراوجۆرەکانی ئەم شێوازەی سینەماو بە دوای ژمارە پێنجەم‌و ناساندنی فیلمی (ئەوانیتر) کە لە پرماناترین فیلمەکانی سینەمای ترسە، لەم ژمارەیەدا بە باس کردن لە چەند خاڵی گرینگی باس نەکراو لەم بابەتەدا دەمانهەوێ باس لە خۆف‌و جندۆکەش بە کۆتایی بگەیەنین.

ئەم خاڵانەی کە لە زۆربەی فیلمە ترسناکەکاندا رەچاو دەگیرێن:

١ـ هەموو کات قاتڵێك (پیاوکوژ) سەرەتای کارەکانی بە کوشتنی کچێك دەست پێ دەکا.

٢ـ هەموو کات کچەکان هەڵدێن بۆ لای قادرمەکان‌و لە قاتەکانی سەرێ دا خۆیان دەشارنەوە بە جێی ئەوەی کە هەڵێن بۆ لای دەرگاو چونە دەرێ لە ماڵەکە.

٣ـ لە کۆتایی دا هەمیشە کچێك‌و کورێك دەمێننەوە (ئەوە بۆ ئەوەیە کە تۆوی مرۆڤ لە سەر زەوی لەبەین نەچێ)

٤ـ قەت ئەهریمەن بە تەواوی ناکوژرێ‌و ئەم چیرۆکە تا قیامەت بەردەوامە.

٥ـ کایزا شۆزەکان (نوێنەرەکانی ئەهریمەن لە فیلمەکاندا) هەموو کات مەوجووداتێکی هەوەس مردوون، بەڵام بەردەوام ئازاری جینسی راوەکانیان (ئەو کچانەی دەیانگرن بۆ خوێن مژین) دەدەن.

بۆ دیتنی لەم دیمەنانە دەتوانن فیلمگەلێکی وەك:

١ـ قیژە (جیغ) ١و ٢و ٣

٢ ـ تاوانبارانی هەمیشەیی (برایان سینگێر ١٩٩٥)

٣ـ (کلبه وحشت)

٤ـ ماڵی مۆمی ٢٠٠٥

٥ـ دوانەکان

٦ـ مومیایی‌و هتد... بینن.

گاف، یان هەڵەی سینەمایی لە زۆربەی فیلمە ترسناکەکاندا بە نیسبەت شێوازەکانی دیکەی سینەما زیاترەو تەنانەت ئەگەر لە فیلمێکی رۆمانسیش دا دیمەنێك کە باس لە ترس‌و وەحشەتی گشتی بکات نەخوازراو چەندین گاف لە خۆ دەگرێ. بۆ وێنە فیلمی (بە فیرۆچوو ١٩٣٧ لە دەرهێنانی، ویکتۆر فلمینگ) لە بەشی ئاورگرتنی لێرەوارەکان‌و هێرشی باشووریەکان دا لە زۆربەی ئەو دیمەنانەی کە سەروەران رێد باتلێرۆ خاتوو سکارلێت ئۆهارا بە پێکەوەن، حەتمەن ١ یان ٢ گافی بەرچاوی تێدایە (ئەو باسە جیایە کە هەر ئەو دیمەنانە لە بەناوبانگترین دیمەنە عیشقیەکانی مێژووی سینەمان)

یان شاکاری تایتانیك کە لە بەشی نقوم بوونی کەشتییەکەداو بەگشتی ٧٢ گافی سینەمایی تێدایە.


ئایا دەزانن کە لۆرێل‌و هاردی کۆمێدیانیش فیلمێکی ترسناکیان هەیە؟

فیلمی میراتی (ارثیه) کە بە چەند ناوی دیکەش وەك (ئەو ماڵە، شەمشەمە کوێرەو...) ناسراو لەگەڵ وەپێکەنین خستن ترسێکیش دەخەنە دڵی بینەرەوە.

بە تایبەت لەو دیمەنەدا کە نۆکەری ئەو قەسرە لە دەرکی دیوی خەوی ستانلی دەدات‌و دەڵێ کە: تەلەفون کاری بە ئێوەیە بەرێز.

لەم دیمەنەدا لەگەڵ پێکەنینێکی زۆر کە ئاو لە چاوی پیاو (مەبەست مرۆڤە) دێنێ بەراستیش ژن (مەبەست دیسانیش مرۆڤە، با فمینیستەکان گلەیی نەکەن) هەست بە ترسێکی سەمەرە لە دڵی دا دەکات.

خوێنەرانی بەرێز لە کۆتایی ئەم بەشە دا پێشنیار دەکەم بە خۆتان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر هەوڵ بدەن بۆ بینینی فیلمەکانی لەم شێوازەو بۆ ئەوەی کە بتوانن هەست بە ترس بکەن لە ژیانتان دا کە پێویست ترین شتە بۆ دڵی مرۆڤ ئەو تەکانە توندانەی کە بە دیمەنی ترسناك پێش دێت‌و مرۆڤ شارژ دەکاتەوە.



# رێبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان راست دەکەن!

بەشی سێهەم و کۆتایی

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی

لەگەڵ ئەوەی ئێران لە باری نێونەتەوەییەوە زۆر لە ژێر فشار دایەو ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ئەتۆمییش داوای لە ئێران کردوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی رابگرێ، بەڵام کاربەدەستانی ئێران هەر لە سەر قسەی خۆیان سوورن و لە سەر ئەو کارە پێدادەگرن. لەم نێوەدا ئەمریکاش زۆر بە توندی هەوڵ دەدا، لە هەر رێگایەك کە بۆی بکرێ نەهێڵێ ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی. لە لایەکی دیکەش بردنەپێشی بەرنامەی چەکی ناوکی بۆ ئێران هەروا کارێکی ئاسان نیەو خەرجێکی یەکجار زۆری دەوێ و لە باری ئابوورییەوە زۆر بە گران تەواو دەبێ. مەزەندە کراوە کە ئەو پرۆگرامە ناوکییەی ئێران وەڕێی خستوەو دروستی دەکا هەتا تەواو دەبێ دە میلیارد دۆلار خەرج هەڵدەگرێ. لە راستیدا ئەو بڕە پارەیە خەرجیی یەك دەزگای وزەی ناوکییە، واتە ئەو رێئاکتۆرەی "بووشەهر" کە رووسیە دروستی کردوەو قەرارە ئەو ساڵ وەکار بکەوێ، کە هەر بەو بڕە پارەیە ئێران دەیتوانی ١٠ دەزگای بەرهەمهێنانی کارەبا بە هەمان چۆنایەتی و تواناوە دورست بکا کە بەو گازە کار بکەن کە رۆژانە بەبێ هۆ دەچێتە ئاسمان و دەسووتێ، بێ ئەوەی کەڵکی لێوەربگیرێ چونکە لە باری تێکنۆلۆژییەوە سەرمایەگوزاریی لەسەر نەکردوە. رووسیە بەڵێنی داوە کە سووتەمەنی کوورەی بووشەهر تەنیا بۆ دەورەیەکی ١٠ ساڵە دابین بکا. مانای وایە دوای ئەو ماوەیە بەکەڵك نایەو بێسوود دەمێنێتەوە. پرۆسەی پیتاندی یۆرانیۆمی ناوکیی نەتەنزیش جارێ هیچی لێپەیدا نەبووە، مەبەست ئەوەیە کە رێئاکتۆری ئاوی قورسی "ئەراك" جارێ ئاکامەکەی روون نیە.

ئێستا بەگشتی مەسەلەی بوونی پرۆگرامی ناوکی بۆ ئێرانییەکان گرینگەو بە سەرکەوتنی دادەنێن، دیارە نەك وەك مەسەلەیەکی ئابووری و وەك شانازییەکی نەتەوەیی، چونکە ئەوان پێیان وایە لە هەموو بارێکەوە ئێرانی پێ بەرز دەبێتەوە. تەنانەت بەو بۆچوونە نارەحەتن کە دەڵێ ئێران پێویستی بە وزەی ناوکی نیە. بۆ؟ لەبەرچی ناکرێ هەیبێ؟ ئەوە تەنیا هۆیەکە کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد پێی لەسەر دادەگرێ و دەڵێ: "رۆژئاوا دەیهەوێ ئێران بەرەو دواوە بگێڕێتەوەو هەر لە دواکەوتوویی‌دا رایبگرێ". زۆربەی ئێرانییەکان بەو قسەیەی سەرۆك کۆمار قەناعەتیان هێناوەو دەڵێن پرۆگرامە ئەتۆمییەکە تەنیا بۆ کاری خزمەتگوزاری و خزمەتی ئاشتی و پێشخستنی وڵاتە. تەنانەت ئەگەر ئێران چەکی ناوکی دروست بکا ئەوە شتێکی ئاساییە. باشە بۆچی نابێ؟ پاکستان لە دراوسێیەتی ئێران لە هیچ بوارێکەوە وەزعی لە ئێران باشتر نیە، نە لە بواری سەقامگیری و نە لە بواری ئابووری، ئیسرائیلیش هەروەها.

بۆچی بۆ ئەو وڵاتانە رەوایە چەکی ناوکی‌یان هەبێ بەڵام بۆ ئێران رەوا نیە. لە کاتێك دا ئەو وڵاتانە هەردووکیان لە دەیەی ٤٠ی زایینی دا سەربەخۆییان وەرگرتوەو بوونەتە دەوڵەت و لە سەر نەخشەی جوغرافیایی دەرکەوتوون، بەڵام ئێران خاوەنی شارستانەتییەکی لە مێژینەیەو درەوشاوەو پێشکەوتوویەو هەر لە کۆنەوە خاوەنی دەوڵەت و کەیانی خۆی بووە. ئەو بۆچوونە ئەو هەستە دەدا بە ئێرانییەکان کە پێیان وایە دەبێ لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا یەکەم هێزن و دەبێ قسەی یەکەم ئەوان بیکەن و بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لینگ بدەن.

لەگەڵ ئەوەش، ئێستا تا رادەیەك ئەو بۆچوونە، لە نێو کاربەدەستانی ئێران دا دروست بووەو تەنانەت هێندێك لە ئایینیە کونسێرواتەکانیش تێدەگەن و دەزانن کە پێداگرتن لەسەر بەرێوەبردنی بەرنامەی ناوکی تووشی کێشەیان دەکاو ئێران لە بەرانبەر دوژمن دا رادەگرێ و قەیرانەکە قووڵتر دەکاو پێیان وایە ئێران لە بواری ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و تەنانەت نیزامییش لە ناوچەدا زۆر پێشکەوتووو باش چۆتە پێش بۆیە نابێ کارێکی وا بکەین ئێران تووشی شەڕێکی نەخوازراو بێ و ئەو دەسکەوتانە بەفیرۆ بچن. دیارە وڵاتانی رۆژئاوا کە ئەمریکا سەرکردایەتیان دەکا پێیان خۆشە کە ئەو بەرنامە ناوکی‌یەی ئێران لە رێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام باوەڕو متمانەیان بە رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیەو دەیانناسن. لە لایەکی دیکەش دراوسێکانی ئێران نایشارنەوە زۆر نیگەرانن و دەترسن کە ئێران دەستی وە چەکی ئەتۆمی رابگاو ناوچەکە تووشی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بکا، هەروەها چین و روسیەش زۆر بە وردی سەرنج دەدەنە هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئێران.


هەرچەند بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی رێژیم ستایشی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییان کرد سەبارەت بە دوایین راپۆرتەکەی، کە لەسەر پرۆگرامی ناوکیی ئێران پێشکەشی کرد چونکە دەڵێن پێیان وایە ئەو ئاژانسە ناتوانێ راستیەکان بشارێتەوە کە بریتین لەوەیکە ئێران زۆر باش هاوکاریی کردوون. لەگەڵ ئەوەش هێندێك خاڵی جێگای رەخنەی تێدایە چونکە ئەنجومەنی تەناهی لەو راپۆرتە رازی نیە چونکە دەزانێ ئەو شتە بە قازانجی ئێرانە. جگە لەوە راپۆرتەکە لە لایەکی دیکەوە دەڵێ هەم ئەنجوومەنی ئاسایش و هەم ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم زۆر بە وردی مەسەلەکان تاوتوێ بکەن و هەنگاوەکانی ئێران بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. رێگە نەدەن ئێران پێتاندنی یورانیۆم بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی پەرە پێبدا. سەرەڕای ئەوانە ئەو دوو بەرەکییەی نێو حکوومەت کارێکی وای کردوە کە زۆر شت لەسەر یەکتر باس بکەن بۆ وێنە کێشەی ئاغای ئەحمەدی نەژادو ئاغای رەفسنجانی لەسەر دەسەلات گەیوەتە ئەو جێگایەی کە ئاغای خامنەیی پشتیوانی لە ئاغای ئەحمەدی نەژاد بکا.

لە نێوان باڵی راستی توندرەو کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد نوێنەرایەتیی دەکاو باڵی چەپی ریفورمیست کە ئاغای محەممەدی خاتەمی سەرۆك کۆماری پێشوو، نوێنەرایەتیی دەکا کێشەیەکی قووڵ هەیە. بە گشتی باڵی راست پێیان وایە کە رێفۆرمیستەکان بۆ داهاتووی ئێران مەترسین و ریفۆرمیستەکانیش پێیان وایە ئەو شێوە بۆچوونە سیاسییە توندوتیژەی ئاغای ئەحمەدی نەژاد زیانێکی زۆری بە وڵات گەیاندوە، حکوومەتەکەی بە تەواوی لە جیهان دابراوەو تاك و تەریك ماوەتەوەو رۆژبەرۆژ زیاتر ئیزۆلە دەبێ. چونکە ئاغای ئەحمەدی نەژاد پێی‌وایە، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە زۆر بە بێ پەردەوەو بە راشکاوی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی بەرێتە پێش و جێبەجێی بکا. زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بە ئاشکرا دەڵێن کە مەترسیەکانی هێرشێکی سەربازیی ئامریکا بۆ ئێران زۆر زیاتر دەبێ لە سزادانی ئێران بەهۆی گەمارۆی توندوتیژی ئابوورییەوە. چونکە ئەو هێرشە رەنگە زیان بە بەشێکی زۆری ناوچەکە بگەیەنێ. دیارە بێگومان ئامریکا چاو بە پێوەندییەکانی دادەخشێنێتەوەو هەر ئێستا هەوڵ دەدا رێگاچارەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کێشەی ئێران چارەسەر بکاو هاوکارییان بکا، چونکە بەرژەوەندییەکانی لەوە دایە نەك لە شەڕ. بەڵام ئاغای ئەحمەدی نەژاد زۆر بە هەڵە بیر دەکاتەوە لە جیاتی رێگاچارەی گونجاو هەڕەشە دەکاو پێی وایە هیچ هێزێك نیە شان لە شانی ئێران بدا بێگومان ئەوەش بە زیانی خۆیانەو مەترسیی دەست پێکردنی شەڕێکی نەخوازراو لە ناوچەکەدا دروست دەکا.

ئێستا ئاغای ئەحمەدی نەژاد لە ترس و نیگەرانیەکی زۆردا دەژی، چونکە لە بەڕێوەبردنی وڵات دا لەگەڵ گیروگرفتێکی زۆر بەرەوروویە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی سیاسەتێکی نادروستی هەیەو ئەو قسە حەلەق مەلەقانەی کە هیچی بەسەر هیچەوە نیە زەربەی زۆری لە وڵات داوە. لە لایەکی‌تریش وا وێدەچێ ئامریکا هێرشی نیزامی نەکاتە سەر ئێران و هەستی نەتەوەییان نەبزوێنێ. چونکە ئەو هێرشە دەبێتە هۆی یەکریزیی توندڕەوەکان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی مارسی داهاتووی پارلمان سەرکەوتن وەدەست بێنن. هەرچەند لە هەڵبژارنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ سەرۆك کۆمار زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگیان بە ئاغای ئەحمەدی نەژاد نەدا. رەنگە ئەو جارەش خەڵك زۆر بە گەرمی بەشداری نەکەن.


سەرچاوە:

the Economist
www. Economist.com






PHOTO/ISNA









دریژەی

# بیلانی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٧ دا

پیوەندی لەگەڵ رۆشنگەری سەبارەت بە بەردباران و گەندەڵی و هاوکاری و دیمانە لەگەڵ مێدیا دەرەکییەکان، دەبێ وڵامدری تۆمەتە هەڵبەستراوەکان بن کە دەتوانێ زیندانی کرانی ئەوانی بەدواوە بێ. "عەدنان حەسەن پوور" یەکێکە لە رۆژنامە نووسە کوردەکان کە مەترسیی ئێعدام کرانی لە سەرە.

رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور سەبارەت بە ئینترنێت لە ئێران دا، لە راپۆرتەکەیدا نووسیویەتی ئێران بۆ ئینترنێت، یەکێکە لە وڵاتە سەرکوتکەرەکانی بواری ئینترنێت‌ولە لیستی ئەو ١٣ وڵاتە دایە کە لە ئاستی جیهاندا بە" دوژمنانی ئینترنێت" ناسراون. سیاسەتی داخستنی سایتەکانی ئینترنێت لەو وڵاتەدا یەکێك لە سیاسەتە چەوت و سەرکوتکارانەکانی لە جیهان دایە. لە ماوەی ساڵی رابردوو زیاتر لە ١٠ میلیۆن لاپەڕەی ئینترنێت بە بیانووی نێوەرۆکی "نایاسایی و دژە ئاکاری" داخراون، هەروەها بە پەسندکردنی" ئاییننامەی رێکخستنی چالاکییەکانی ناوەندی راگەیاندنی ئینترنێتی وڵات" لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەموو ناوەندەکانی راگەیاندنی ئینترنێتی وڵات دەبێ زانیارییە پێوەندیدارەکان و پێناسی خاوەن سایتەکان لە وەزارەتخانەی فەرهەنگ و ئیرشاد تۆمار بکەن. سەرەڕای ئەوە کە رێژیم بە فەرمی ئەوە رەت دەکاتەوە، بەڵام ئەو سیاسەتە بە بێدەنگی بەرێوە دەباو بە کردەوە ئەو سایتانەی کێشەی تکنیکی و بەڵام لە بنەرەت دا بە مەبەستی بەرگرتن لە زانیارییەکانی پێوەندیدار بە فیلم و موسیقی و زانیاریی بە کەڵکە، بەکار هێنەرانی ئێرانیان بەرێژەیەکی بەرچاو لە سوود وەرگرتن لە ئینترنێت بێ بەش کردوە. لە ئێران دا ٢ وێبلاگ نووسی فیمینیست بە ناوەکانی "مریەم حسێن خواهـ" و "جلوە جواهری" ئێستاش لە زیندان دان.

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## (بەشی شەشەم)

**وەرگێڕان لە ئینگلیزی‌یەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم‌و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل‌و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن‌و ئان ماری لیندگرێنە.**

### داخوازییەکان لەدێموکراسی

وشەی دێموکراسی بە مانای حکوومەتی خەڵکە. وشەکە بۆ ئەوە کەڵکی لێ وەر دەگیرێت کە وەسفی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی‌یە دەکات کە لەوێدا هەموو هاووڵاتانی گەورە ساڵ ئەو مافەیان هەیە کە لە پرۆسەی بریاردانی سیاسیدا بەشداری بکەن: پرسیار بکەن، بیروڕا دروست بکەن، تێبکۆشن کە پشتگیری کۆبکەنەوە، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە ئەنجومەنە بریارده‌رکان بدەن.

بە واتایەکی‌تر "دێموکراسی" جۆرێکی تایبەتی لە بریاردان لە سەر ئەو پرسانەیە کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگاوە هەیە. کە وابوو دێموکراسی مەسەلەی پرۆسەی بریاردانی جەماوەری‌یە کە لە سەر مافی تاکیی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتان دامەزراوە.

بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ باس لە دێموکراسی بکات دەبێ هەندێک داواکاریی بنەڕەتیی دەستووریی جێبەجێ کرابن. داواکاری‌یەکان ئەوانەی خوارەوە دەگرنەوە:

- مافی گشتی و یەکسانی دەنگدان لە هەڵبژاردنی ئازاد (کە بە شێوەیەکی شیاو بەڕێوە بچێت)
- ئازادیی بیروڕا (کە ئازادیی باوەڕی دینی دەگرێتەوە)
- ئازادیی ڕا دەربڕین و ئازادیی ڕاگەیاندن
- ئازادیی ئەندام بوون لە ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکای کرێکاران
- ئازادیی دامەزراندنی حیزب و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان

ئەگەر یەکێک یا خود بەشێک لەو مەرجانە جێبەجێ نەکرابن ئەو کات مرۆڤ ناتوانێ باس لە دێموکراسی بکات.

بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە؟

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەو مەرجانە هەم پێویستن و هەم بەسن بۆ ئەوەی کە بتوانین لە ڕوانگەی سیاسی و دەستووری‌یەوە باسی دێموکراسی بکەین، بەڵام بۆ گەرەنتی کردنی کار کردنی دێموکراسی ڕاستەقینە بەس نین.

دیتنی ئەو ڕاستی‌یە کە فاکتەرە ئابووری و یا خود کۆمەڵایەتی‌یەکان بە کردەوە مافە دێموکراتیکە فەرمی‌یەکان لاواز دەکەن شتێکی دژوار نیە. بازاری کاری بێ ئاسایش کە لەوێدا زۆر کەس نیگەرانی کارەکانیان بن دەتوانێ گفتوگۆ کردن کپ بکات و زۆر کەس وا لێ بکات کە لە دەربڕینی بۆچوونی ڕەخنەگرانەی خۆیان دڵنیا نەبن.

خوێندەواریی کەم یا خود لاوازی لە بواری زمانەوانی‌یەوە تێگەیشتن لە باسە سیاسی‌یەکان دژوار دەکات، بۆ حاڵی بوون لەو دۆزانەی کە گفتوگۆیان لە سەر دەکرێت و بۆ سەپاندنی بەرژەوەندی‌یەکانی مرۆڤ لە دژی ئەو لایەنانەی کە ئاستی خوێندەواری‌یان لە سەرەوەترە و بە ڕەوانی دەدوێن.

بۆیە سۆسیال دێموکراتەکان لەو باوەڕە دان کە بۆ ئەوەی دێموکراسی بە جۆرێکی شیاو کار بکات یەکسانی پێویستە، بەو شێوەیە کە مەرجەکەی پێشتر پێناسە کرا بن. جیاوازیی بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا دێموکراسی لاواز دەکات، ئەگەر بە فەرمیش نەبێت، کە واتە لە ڕاستیدا وای لێدێت، چونکە هاووڵاتان ناتوانن لە پرۆسەی سیاسیدا بە شێوەیەکی یەکسان بەشدار بن: بەشێک دەرفەتی یەکجار زیاتریان لەوانی‌تر بۆ سەپاندنی داواکاری‌یە تایبەتیەکانی خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا دەبێت. ئەگەر بەشێکی زۆر هەست بەوە بکەن کە پرۆسەی دێموکراتیک ناتوانی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان بپارێزێت، ئەوسا مەترسیی ئەوە هەیە کە باوەڕی ئەوان بە دێموکراسی لاواز بێت و دەرفەت بۆ جووڵانەوە نادێموکراتیکەکان زیاد بێت.

پاراستنی دێموکراسی دەخوازێ کە مرۆڤ قورس و قایم مەرجە دەرەکی‌یەکانی وەک ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنە ڕێکوپێکە ئازادەکان بپارێزێت، بەڵام ئەوە هەروەها سیاسەتێک دەخوازێ کە دێموکراسی بکاتە چەمکێکی زیندوو بۆ هەموو لایەنەکان لە کۆمەڵگادا.

### وزەی دێموکراسی

پاراستنی دێموکراسی هەروەها پرسی پاراستنی وزەی دێمۆکراسی‌یە. مەبەست لە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتی ئەوەیە کە بریاری وەها بدرێن کە ریشەیان زۆر بە باشی لە ناو زۆربەی هاووڵاتاندا داکوتا بێت، وەکوو چۆنیەتیی بەڕێوەبەری بەرژەوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە گشتی‌یەکان، بریاراتێک کە هەروەها بتوانن بە شێوەیەکی کرداری جێبەجێ بکرێن. دروست کردنی بیروڕا و هەروەها بەشداری کردن لە هەڵبژاردن، ئەگەر نەبنە هۆی بریارگەلێک کە کاریگەری‌یان لە سەر ژیانی واقیع هەبێت مانای خۆیان لە دەست دەدەن.

لەو ڕوانگەیەوە ئەورۆ وەک پێشدا هەڕەشەی ڕاستەقینە لە دێموکراسی لە لایەن جووڵانەوە سیاسی‌یە دیکتاتۆری‌یەکانەوە ناکرێت. ئێستا ئەو هەڕەشەیە لە لایەن بەرژەوەندی‌یەکانی دەسەڵاتخوازانەی ئابووری جیهانی‌یەوە دەکرێت کە لە نەوەدەکاندا بەهێزتر بوون. ئێمە دەتوانین باسی هەڕەشە لە دوو لاوە بکەین: لە لایەکەوە ئەو مەسەلانەی کە بۆ هاووڵاتان گرنگن دێنە ژێر کاریگەریی گرووپە بە هێزەکان کە بۆ خۆیان ناتوانن هیچ شتێکیان لە بارەیدا بکەن. لە لایەکی‌ترەوە ئەنجامی ئەوە زۆر جار دەبێتە هۆی تەشەنە کردنی جۆرێک دابەش بوون کە خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکە بۆ سەر دێموکراسی و سەقامگیریی کۆمەڵگا.

بۆیە ستاندنەوەی گۆڕەپانی مانۆر لە گرووپە لایەنگرەکانی ئابووری جیهانی بۆ پێکهاتە دێموکراتیکە سیاسی‌یەکان کێشەیەکی یەک لا کەرەوەی ئەو سەردەمەیە.

بەڵام سەرەڕای گۆڕەپانێکی فراوانتری مانۆر بۆ دێموکراسی پرسیاری پانتایی کاریگەری دێموکراسی لە جێگای خۆیەتی. ئەو ئۆرگانە سیاسی‌یانەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵ بژێراون مافی چ بریارێکیان دەبێ هەبێ؟ و دێموکراسی دەبێ ڕێگای تێکەڵاو بوون بە چ شتێکی پێ نەدرێت؟

حیزبە ڕاستڕەوەکان کە سەردەمێک دژی دامەزرانی دێموکراسی بوون ئێستا بەهێزترین لایەنگرانی شێوەی حکوومەتی دێموکراتیکن. بەڵام لە هەمان کاتدا وا وێدەچێ هەوڵەکانیان زۆرتر لە پێناو ئەوە دایە کە دڵنیا بن ئەو ئۆرگانانەی بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێردراون تا ئەو جێیەی دەکرێ دەسەڵاتیان لە بەڕێوەبەری کاروبارەکاندا کەم بکرێتەوە، لە جیاتان بریارەکان دەبێ لە لایەن بازارەوە بدرێن، لە کۆمەڵگای مەدەنی، لە ناو بنەماڵەدا هتد.

هەندێک جار مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو بیرە ببویرێ کە بەرهەڵستی کۆنی چینی باڵادەست لە دژی دێموکراسی تەنیا شێوازی گۆڕیوە: ڕێز لە فۆرمەکان دەگیرێت بەڵام تێدەکۆشن لە هەرچی مانایە بەتاڵیان بکەن. ئەوسا ئەوەی کە ئەوان پێشنیاری دەکەن، بە هەڵکەوت! وا دەر دەکەوێ کە زۆرترین سوودی بۆ هەمان گرووپە بەهێز و ڕیشە داکوتاوانە هەبێت کە دەسەلاتی کۆمەڵگایان بەر لە پەرە ستاندنی دێموکراسی بە دەستەوە بوو.

هەموو شتێک پرسی سیاسەت نیە. ئەو ڕاستی‌یە کە سۆسیال دێموکراتەکان داخوازی بە نەتەویی کردنیان وەلانا نیشانەی ئەو زانیاری‌یە قووڵە بوو کە پێکهاتە سیاسی‌یەکان ناتوانن بەڕێوەبەری هەموو شتێک بن، کە ئێمە لە بەشی دێموکراسیی ئابووری دا دەیخەینە ژێر باس. دێموکراسی بە واتای بەرفراوانتری "بەشداری کردن"، شتێکە زیاتر لە پێکهاتە نوێنەری‌یەکان و پێویستە دەرفەتی زیاتر بۆ هاووڵاتان بۆ خۆ نواندن لەو دەرفەتەی کە بۆ ئەوان هەر چوار ساڵ جارێک وەک دەنگدەر دەستەبەر کراوە دابین بکرێت (لەو بارەوە لە بەشی کەرتی گشتی زۆرتر دەدوێین).

بەڵام هۆی باش هەن بۆ وریا کردنەوەی خەڵک لەو باسەی کە بەو شێوە گەڵاڵە کراوە: "دەوڵەت" ئیجازەی ئەنجامدانی چ شتێکی هەبێت. هەر خودی هەڵبژاردنی وشەکان سەر لێ شێوێنەرن؛ "دەوڵەت" دەسەڵاتداری باڵا دەگەیەنێ و پرسیارەکە وەها دەنوێنێ کە گوایە باس لە سەر ئەوەیە کە دامودەزگا گشتی‌یەکان چی بکەن. بەڵام ئەگەر وشەی "دەوڵەت" بە "دێمۆکراسی" بگۆڕینەوە ئەو کات دەبینین کە مەسەلەکە ئەوە نی‌یە کە دامودەزگا گشتی‌یەکان دەبێ چی بکەن بۆ خەڵک بەڵکوو پرسیارەکە زۆرتر ئەوەیە کە هاووڵاتان دەیان هەوێ بە یەکەوە چی بکەن.

دێموکراسی هیچ کات ناتوانێ بریار بۆ سنووردار کردنی ئازادیی مرۆڤ و مافی مرۆڤ بدات، بەڵام جگە لەوە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هاووڵاتان کە بۆ خۆیان بریار بدەن کە "دەوڵەت" چی بکات. مرۆڤ ناتوانێ یاسای وەها پەسەند بکات کە ئەو مافە لە هاووڵاتان بستێنێتەوە، ئەوە دەگاتە سنووری پشتگیری کردنی بەر تەسک کردنەوەی پانتایی دێمۆکراسی.

بەڵام ئەو باسە زۆر بە سەیری دابەش کراوە. لە لایەکەوە هەندێک کەس هەن کە پێ لە سەر ئەو بۆچوونەدا دەگرن کە خەڵک ئەوەندە تێ گەیشتوو و لێوەشاوەن کە بۆ خۆیان بتوانن بە بێ دەست تێوەردانی "دەوڵەت" مشووری کاروباری خۆیان بخۆن. لە لایەکی‌ترەوە وا گریمان دەبرێ کە هەر ئەو خەڵکە تێگەیشتوو و لێوەشاوەیە تەنیا بریاری نابەجێ و خراپ دەدەن کاتێک کە ئەوان ئەو بریارانە بە یەکەوە وەک دەنگدەر دەدەن. ئەوەی کە لێرە دەبینرێ نموونەیەکە لە هەمان بە هێند نەگرتنی دەنگدەران کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە بەڵگەکان بە دژی پەسەند کرانی مافی دەنگدانی گشتی باسی دەکرا.

سۆسیال دێموکراسی ئێستا، هەروەک پێشدا، باوەڕی بە توانای هاووڵاتان بۆ دانی بریاری ژیرانە پێکەوە هەیە. ئەوە هەروەها مەسەلەی هێڵی نێوان بەرپرسیاری کۆمەڵگا و بەرپرسیاری تاکیش دەگرێتەوە. کێ لە دەرەوەی جەماوەری هاووڵاتان توانای کێشانی ئەو هێڵەی هەیە؟

هەر وەک لە بەشی دەسپێکدا نووسیمان دێموکراسی پرۆسەیەکی گشتی‌یە کە هاووڵاتان لەو ڕێگایەوە بریار لە سەر دۆزە هاوبەشەکان دەدەن. ژمارەیەک دۆزی هاوبەش هەن کە دەبێ ڕێگا چارەیان بە بریاراتێک دیاری بکرێ کە هەموو کەس کارتێکەری‌یان لە سەر ئەو بریارانە هەبێت دەنا ئاکامەکەی تەنیا ئاژاوە یا خود بێدادیی ڕاستەقینە دەبێت. هەر کام لە ئێمە ناتوانین سیستەمی زێراب بۆ خۆمان دروست بکەین. بازار ناتوانێ هەلی یەکسان بۆ خوێندن بۆ گشت منداڵێک بە شێوەیەکی یەکسان دابین بکات، ئەوە بارێکی لە ڕادەبەدەر گرانە بۆ بنەماڵەکان کە بۆ خۆیان ئەرکی ئاگاداری لە بەساڵداچووەکان بگرنە ئەستۆ و بە هیچ شێوەیەک نابێ بەڕێوەبەری دادگاکان بدرێتە دەست هێزی بەرگری هاووڵاتان.

زۆر شت لە ژیانی تاکەکاندا هەن کە شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بریاری لەسەر دەدات. لە بەر ئەو هۆیە ئێمە هەرگیز خۆمان لە مەسەلەی پرۆسەی دێموکراتیک، شێوازی بریاردانی گشتی، نابوێرین جا قەی ناکا ئێمە چەندە حەز بە جەخت کردنەوە لە سەر تاکی (Indvidualism) و ئەرکی تاکەکان بکەین. هەر بۆیە دەبێ دێموکراسی و هەروەها سیاسەت، ئەو پانتایی کاریگەریەیان هەبێت تا بتوانن بریاری وەها بدەن کە کاریگەری‌یان لە سەر ڕیکخستنی کۆمەڵگا هەبێت.



"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# "چەپی نوێ و ئامانجی نوێ"

سامان فەقێ نەبی

لە ژینگەی سیاسیی ئەمڕۆی جیهاندا، بزاڤی "چەپی نوێ" وەك هەوڵێك لە پێناوی ڕزگار کردنی چەمکی سۆسیالیزم لە چەقبەستوویی و پەرتەوازەیی هاتۆتە ئاراوە. ئەم بزاڤە لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی نیئۆلیبرالیزم، چوارچێوە فیکرییەکانی خۆی دیاری کردووەو بەم جۆرە خۆی خستۆتە نێو هاوکێشە فیکری و سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهانداو تێدەکۆشێ کە بە شێوەیەکی بەرین و فرەچەشن لە بەرامبەر گەشەسەندنی ئەم سیستمە مەترسیدارە(واتا نیئۆلیبرالیزم)، تواناییەکانی گشت مرۆڤە چەوساوەکان وەگەڕ بخا. چەپی نوێ لە پێناو ڕزگار کردنی مرۆڤ لە قەیرانە ڕۆحییەکان و کۆتایی پێهێنان بە شێوازە مۆدێڕنەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ، لە هەوڵی ئەوە دایە کە لە توانای ناڕەزایەتی دەربڕین و توانای بەرهەڵستکاریی مرۆڤ کەڵك وەرگرێت. لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئاوڕ لە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزاڤی چەپی نوێ بدەینەوە:

١ـ چەپی نوێ بە پێچەوانەی ئەو سۆسیالیسانەی کە لە دونیای وەهم دا خول دەخۆنەوە، ئەم نەریتە فیکرییەی "مارکس " بە هەند وەردەگرێ کە هەر چەمك و دیاردەیەك بە پێی تێپەڕینی کات و گۆڕینی شوێن تایبەتمەندییەکانی ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ، چەپی نوێ لەو چوارچێوەیەدا بە وەلانانی هەر چەشنە بەربەستێکی

**چەپی نوێ لە پێناو ڕزگار کردنی مرۆڤ لە قەیرانە ڕۆحییەکان و کۆتایی پێهێنان بە شێوازە مۆدێڕنەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ، لە هەوڵی ئەوە دایە کە لە توانای ناڕەزایەتی دەربڕین و توانای بەرهەڵستکاریی مرۆڤ کەڵك وەرگرێت**

فیکری، ڕووخاندنی سیستمی سەرمایەداری ڕەتدەکاتەوەو لە بەرامبەردا تێزی "دێموکراسیی ڕادیکاڵ" دێنێتە کایەوەو لە بواری پراکتیکیشدا تێدەکۆشێ کە مرۆڤە دەستەمۆو کونترۆڵکراوەکانی جیهان لە دۆخی بێ هەڵوێستی و تەسلیم بوون بە واقیع دەرباز بکات.



٢ـ چەپی نوێ ئێستا پتر لە هەموو کاتێك پێداگری لە سەر لایەنی سۆسیالیزم دەکاو ئاسوودەیی ڕوحیی مرۆڤ بە ئامانجی سەرەکیی بزاڤی چەپ لە قەڵەم دەداو بە پێچەوانەی چەپی کلاسیك بە شێوەیەکی تاك ڕەهەندی و تەنیا لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە سەیری کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا ناکاو بە پێچەوانەی ڕاڤە باوەکان، زێدەبایی(ارزش افزده) بە هۆکاری سەرەکیی نامۆ بوونی مرۆڤی ئەمرۆ دانانێ، بەڵکوو چاوەدێریی گوتاری(نظارت گفتمانی) لە ڕێگای میدیاکانەوە بە هۆکاری سەرەکیی نامۆبوونی مرۆڤ دەژمێرێ.

٣ـ چەپی نوێ لە سەردەمی ئێستا دا جەخت لە سەر ئەو دیالێکتیکە دەکا کە بزووتنەوەی چەپ پێویست بە دەرهاوێشتەی بیرو هزری تەواوی چینە زوڵم لێکراوەکانی کۆمەڵگا بێ، نەك تەنیا چینی کرێکار. بەو پێیە پشتیوانی و هاوخەباتی لە گەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی دیکە وەك بزوتنەوەی ژنان، بزاڤی خوێندکاران، خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوە ژێردەستەکان و بزاڤی ژینگە پارێزی، بووەتە بنەمای کاریی بزاڤی چەپی نوێ.

٤ـ چەپی نوێ بیرۆکەی ماتریالیزمی مێژوویی و حەتمییەتی مێژوویی ڕەتدەکاتەوەو چیتر بڕوای بە دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا نیە. چونکە بە پێی ئەو بەڵگانەی "مارکوزە"، چیتر ناتوانین چینی کرێکار بە هێزی سەرەکی و دینامۆی گۆڕانکارییەکان دابنێین، ئەوەیش بەو هۆیە کە بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران لە ژیانی ڕۆژانەدا نوقم بوون و مرۆڤ گەلێکی تاک ڕەهەندییان لێ ساز بووە.

٥ـ هەنووکە بزاڤی چەپی نوێ پتر لە هەموو کاتێك خۆی لە گەڵ ڕەوتە دێموکراسی خوازەکان هاوئاهەنگ دەبینێ( بۆچوونی هابزباوم)و چیتر خۆی لەو ڕەوتانە دوور ناخاتەوە.

٦ـ چەپی نوێ بە گەڕانەوە بۆ ڕوانگەی جوانناسیی "لۆکاچ "، هەنووکە بە بایەخەوە سەیری هونەر (ئەدەبیات، موسیقی، سینەما) دەکا وتێدەکۆشێ لە کاریگەریی هونەر لە پێناو دەستکاریی زەیینی مرۆڤەکان کەڵك وەرگرێ و توانای دژکردەوەیان تێدا زیندوو بکاتەوە.

٧ـ چەپی نوێ بە پێچەوانەی سۆسیالیستە ئیرادەگەراکان، بزاڤی ڕووناکبیری بە گرینگ دەژمێرێ و بۆ تیۆریزەکردنی ئەرك و ئامانجەکانی خۆی لە توانای مەعریفیی ئەو توێژە کەڵکی شیاو وەردەگرێت و بەم شێوەیە بەردەوام خۆی لە بەرامبەر کەوتنە نێو داوی گوتارە داخراوەکان واکسینە دەکا.

٨ـ چەپی نوێ بە ماڵئاوایی کردن لە گوتارە شکست خواردووەکانی ڕابردوو وەك سۆسیالیزمی ئیرادەگەراو سۆسیالیزمی ئارایی و هەروەها بە خاك سپاردنی دروشمە سوورو ئاگراوییەکان، لە هەوڵی ئەوەدایە بە وازهێنان لە ڕەهاگەرایی و پێشبینییە سیاسییەکان، سروشتی داهێنەر بوون لە لای خۆی بپارێزێت.

٩ـ چەپی نوێ بەکارهێنانی زانست و تێکنۆلۆژی وەکوو ئامرازێك بۆ پەرەپێدانی هێژمۆنیی زلهێزەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ڕەتدەکاتەوەو لەبەرامبەردا ڕەساڵەتی زانست لە بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشییە کوشندەکانی وەك ئایدز و هەروەها پێشگرتن لە پیس بوونی ژینگەدا دەبینێت.

ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێکرا، دەکرێ وەکوو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چەپی نوێ دەستنیشان بکرێن! بەڵام مەبەستی سەرەکی لە هێنانە ئارای ئەو باس و تەوەرە، بریتییە لەوەی کە ئایا لە قۆناخی ئێستادا بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێداچوونەوە بە ڕێبازی پێشوو بە تێگەیشتنێکی سەردەمیانە، چەپ بوونی خۆی پێناسە دەکاتەوە یان هەروا لە گێژاوێکی پارادۆکسیکاڵدا دەمێنێتەوە؟! ئایا دەتوانێ خۆی لە گەڵ ڕەوتی نوێی بزاڤی چەپ واتا"چەپی نوێ" هاوئاهەنگ بکا یان دیسان سۆسیالیزمێکی لێنینی(لە باشترین حاڵەتدا لە ژێر ناوێکی لێڵ و تەماوی واتا سۆسیالیزمی دێموکراتیك) دەکاتە بنەمای هزری دادپەروەرانەی خۆی؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو بزاڤێکی نوێگەراو ئەمڕۆیی و پشت ئەستوور بە فەلسەفەیەکی ڕزگاریخوازانە لە ئاستی جیهانیدا خۆی بناسێنێ یان بە پێچەوانە وەکوو بزاڤێکی ناوچەیی و دواکەوتوو لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی خۆی دەربخات و لە بازنەیەکی بەرتەسکدا قەتیس دەمێنێتەوە؟!

## پەیڤ

# لە پێناوی ئاکتیوکردنی ژنان لە ڕیزەکانی حیزب دا

کوێستان فتووحی

گیروگرفتی ڕێژەی کەمی بەشداریی ژنان لە ڕیزەکانی حیزب و ئۆرگانە بڕیادەرەکاندا خەمی ئەمڕۆی لایەنگرانی ڕاستەقینەی یەکسانیی ژن و پیاوە لە ڕیزەکانی حیزب دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مێژساڵە دروشمی یەکسانیی ژن و پیاوی بەرز کردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش لە ڕیزەکانی حیزب دا بوارێکی ئەوتۆ بۆ ئەم مەبەستە نەڕەخساوە. ئەمەش هۆی جۆراوجۆری هەیەو، ڕێبەرانی حیزبیش هەموو کات کۆمەڵێك پاساویان بۆ ئەم کێشەیە هێناوەتەوە. دیارە حیزبی دیموکرات ماف و ئازادییەکانی ژنانی کەمتاکورتێك لە بڕیارو پەسند کراوەکانی خۆیدا گونجاندوە، هەرچەند گرفتەکەش لە نەبوونی بڕیارو پەسندکراوەکاندا نەبووە، بەڵکوو لە بەڕێوەنەبردن و بەجیدی نەگرتنی ئەو بڕیارو دروشمانە دایە کە پێوەندییان بە ماف و ئەرکەکانەوە هەیە. هۆکاری ئەوەش ڕوانگەو بیروبۆچوونی دواکەوتووانەو پیاوسالارانەی زۆر لە بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حیزبی بووە. ئەگەر ئەرکی بەدواداچوون و چەسپاندنی بڕیارەکان بە باشی جێبەجێ کرابان و بە قەناعەت و کردەوە لە پێناو چالاك بوونی ژنان دا هەنگاو هەڵهێنرابایەتەوە، ئەمرۆ ئەو ناهاوسەنگییە بەم شێوەیە نەدەبوو کە ئێستا زۆر بەرچاوەو، یان لانی کەم لەوە کەمتر دەبوو.

لە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە شێوەیەکی جیددی باسی ئاڵوگۆڕو ڕیفۆرم هاتۆتە گۆڕێ، یەکێك لەو بوارانەی کە حیزب بڕیاری داوە ئاڵوگۆڕی تێدا پێك بێنێ، مەسەلەی گرنگیدان بە ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە بەڕێوەبەریی حیزب دایە. بۆ ئەوەی ئەمجارە ئەم بڕیارە هەروەك پێشوو هەر لەسەر کاغەز نەمێنێتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کە بەرەو کۆنگرەی ١٤ی خۆی دەچێ، چەند هەنگاوێکی لەم بارەیەوە هەڵێناوەتەوە کە لەگەڵ پێشوو جیاوازیی هەیە. ئەویش زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرانی ژنان لە هەڵبژاردنەکانداو دیاریکردنی میکانیزم بۆ شێوەی هەڵبژاردنی ژنان لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٤دایە، بە جۆرێك کە ژنانی پێشمەرگەو کادر کە ژمارەیان زۆر کەمترە لە پیاوانی پێشمەرگە مافیان ژێر پێ نەخرا.

هەروەك گوترا یەکێك لەو خاڵانەی کە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی ١٤ لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەکانی پێشووی حیزب جیادەکاتەوە، هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە ژنانە کە وەك نوێنەر دەچنە کۆنگرە. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێ بە پێی ئەو ئەسڵەی کە لە "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمەدا" پەسند کراوە، ڕەنگە ژمارەیەکی زیاتری ژنان لە کۆنگرەی ١٤دا بۆ پۆستەکانی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرێن، بەڵام ئایا هەر ئەوەندە بەسە بۆ حیزبی دیموکرات و بۆ ژنان؟ لەگەڵ ئەوەی کە بوونی ڕێژەی زۆرتری ژنان لە پۆستەکانی بڕیاردان و دەسەڵات دا، دەسکەوتێکی گرنگ دەبێ بۆ ژنان و بۆ حیزبەکەشمان، بەڵام ئەوە ئەو بۆشاییە پڕناکاتەوە کە لە ئاکامی بایەخ نەدان بە ڕۆڵی ژنان و لەبیرکردنی دەوریان لە حیزبی ئێمەدا پێك هاتوە. پیاوسالاری لەمێژساڵە لە نێو ئەندامانی حیزب دا ڕەگی داکوتاوەو بۆتە کولتوورو وا ئێشتاش لە بەرامبەر ئەو هەوڵەدا ڕاستەخۆو ناڕاستەخۆ لە لایەن هێندێك لە پیاوانی بە ڕواڵەت دیموکراتەوە هاوار بەرز بۆتەوە کە لە نێو حیزب دا ژمارەی ژنانی تێگەیشتووو پێگەیشتوو لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێ، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە ئیددیعاکەشیان ڕاست بێ، بەڵام باشترە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن کە چۆنە لە حیزبێکی تەمەن ٦٢ ساڵ دا ٥ ژنی بە تواناو لێهاتوو نابینرێن؟

ڕابردوو ڕۆیشت و زۆر هەل لە دەست چوون. بۆ ئەوەی هەڵەکان دووبارە نەبنەوە پێویستە ئەم بەڵێنانەی حیزب داونی لە دوای کۆنگرەش بە جیددی کاریان بۆ بکرێ. ئەم پرۆسەیە واتە گرنگی دان بە ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە ڕیزەکانی حیزب لە داهاتوودا، ئاماژە بە ڕێگایەکی سەخت دەکا لەبەر دەم ئەوانەی خۆیان بە بەرپرس دەزانن. بۆ ئەوەی ئەم پرنسیپە دیموکراتیکە بچەسپێ و، دوای کۆنگرە ئەم پرسە پشت گوێ نەخرێتەوە، کۆمەڵێك ئەرك هەیە لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و ژنان دا:

**مەسەلەی ژنان لە حیزب دا هەموو کات پێویستیی بە بایخدان (اولویت)ی پلە یەك هەیە، بۆیە:**

ـ پەروەردەی ئەندامانی حیزب لە سەر ئەساسی وشیاری و خۆپاککردنەوە لە تەواوی ئەو کولتوورانەی ژن وەك مرۆڤێکی ناکارای نێو کۆمەڵ چاو لێدەکەن، دەبێ گرینگیی پێبدرێ، یەکەم هەنگاوی بەکردەوە بۆ ئەو ڕیفۆرمە، گۆڕینی عەقڵیەتی پیاوسالارییە، ←

# کارەساتی جیهانی ئایدز

و. لە فارسییەوە: کەنعان بیتار

ئایدز (AIDS) — سیندرۆمی لەکارکەوتنی سیستمی بەرگریی جەستەیە، نەخۆشییەکی ڕوو لە گەشەو بێدەرمانەو نیشانەکەشی (HIV- 1)ە.

ئایدز بە لەنێوبردنی خرۆکەکانی بەرگریی لەش دەبێتە هۆی ئالۆزیی سیستمی پاراستنی لەشی مرۆڤ، ڕێگە بۆ نەخۆشییە چڵکییەکان‌و نەخۆشییە هەلپەرستەکان‌و شێرپەنجە لە مرۆڤ دا خۆش دەکا.

کاتێک کە بۆ یەکەمین جار نەخۆشیی ئایدز لە ساڵی ١٩٨١ لەنێو هۆمۆسێکسواڵەکان (ئەو کەسانەی سێکس لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان دا ئەنجام دەدەن) لە کالیفۆرنیا دەرکەوت کەس پێی وانەبوو ئەو نەخۆشییە لە ماوەیەکی هێندە کورتی ٣ دەیەیی دا بێتە یەکێک لە کارەساتەکانی دنیا. لەو ماوە کورتە دا نەخۆشیی ئایدز بۆتە هۆی مردنی زیاتر لە ٢٥ میلیۆن مرۆڤ، هەروەها ئایدز بە چوارەمین هۆکاری سەرەکیی مردنی مرۆڤەکان لە دنیادا دەژمێردرێ.

بەپێی هەواڵی NAIDS/ WHO لە ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر لە ٥ میلیۆن نموونەی نوێی نەخۆشانی گیرۆدەی ئایدز (HIV-1) لە جیهان بینراوە، ٣/٢ میلیۆن لەو نەخۆشانە لە خوارووی بیابانی ئەفریقا نیشتەجێن (بەشێک لە ئەفریقا هەڵکەوتوو لە باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقا)، ٧٠٠ هەزار کەسیان منداڵانی ژێر ١٥ساڵن، ئێستا ژمارەی نەخۆشەکانی ئایدز گەیشتۆتە ٤٠ میلیۆن‌و ٣٠٠ هەزار کەس، کە ٢ میلیۆن‌و ٣٠٠ هەزار کەسیان منداڵانی ژێر ١٥ ساڵن. جێی خۆیەتی بڵێین ڕادەی نەخۆشەکانی گیرۆدەی ئایدز لە ساڵی ١٩٩٥ لە دنیا دا زیاتر لە ١٩/٩ میلیۆن کەس بووو لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا ئەو ڕادەیە دوو هێندە زیادی کردوە. لە ڕووی جوگرافیاییەوە زۆرترین ڕادەی نەخۆشەکانی گیرۆدە بە ئایدز کە زیاتر لە ٢٥,٨ میلیۆن کەسن (دوو لەسەر سێی تەواوی نەخۆشەکان) لە باشووری بیابانی ئەفریقا دا دەژین. لە باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ٧,٤ میلیۆن نەخۆشیی ئایدز دووهەمین ناوچە لە ڕووی زۆریی ژمارەیە. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا نزیکەی ٢,٤ میلیۆن کەس لە بیابانی ئەفریقا، ٤٠ هەزار کەس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ١٨ هەزار کەس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ١٢ هەزار کەس لە ئورووپا بە هۆی نەخۆشی ئایدز گیانیان لەدەست داوە. بە گشتی لە ساڵی ٢٠٠٥ بەهۆی نەخۆشیی ئایدز زیاتر لە ٣ میلیۆن‌و ١٠٠ هەزار کەس گیانیان لە دەست داوە کە ٥٧٠ هەزار کەس لەو ژمارەیە منداڵانی خوار ١٥ ساڵن.

بەپێی سەرژمێریی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر ١٤ چرکەدا لاوێک‌و ڕۆژانە ١٤ هەزار کەس کە تەمەنیان لە نێوانی ١٤ـ ٢٤ ساڵ دایە، گیرۆدەی نەخۆشیی ئایدز دەبن. ئێستا زیاتر لە ١٣ میلیۆن منداڵی خوارووی ١٣ ساڵ، بەهۆی نەخۆشیی ئایدز، دایک یان باوک یان هەردووکیان لە دەست داوەو بێسەرپەرست ماونەتەوە. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەفریقا بە زیاتر لە ٢٥ میلیۆن نەخۆشی گیرۆدە بوو بە ئایدز لە ئاستی جیهان دا لە پێش هەموو وڵاتانی دیکەوەیە. بەپێی بەراوردی UNAIDS تا ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٢٥٪ کرێکارانی بازاڕی ئەفریقا گیانی خۆیان بەهۆی نەخۆشیی ئایدزەوە لە ژمارەی توشبوان بەو نەخۆشییەوە دووهەمین وڵاتە. ڕادەی تووشبوان بە ئایدز لە ئاسیای ناوەندی لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٩ـ ٢٠٠٣ تا ٣ هێندە زیادی کردوە.

ئێستا تووش بوون بە ئایدز وەک نەخۆشیی وڵاتانی جیهانی دوو و بە تایبەتی جیهانی سێیەم



دەست دەدەن. نەخۆشیی ئایدز بە بەراورد لەگەڵ وشکانییەکانی دیکە درەنگتر گەیشتە ئاسیا. بەو حاڵەش لە ماوەیەکی کورتدا لەم ناوچەیەدا بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی مردنی مرۆڤ. تەنیا لە هیند زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس نەخۆشیی H.I.V یان هەیە. هیند دوای ئەفریقای باشوور لەباری ناسراوەو پێشبینی دەکرێ تا ساڵی ٢٠١٠ لە ١٢٦ وڵاتانی کەم داهات یان خاوەن داهاتی مام ناوەندی ٤٥ میلیۆن کەس گیرۆدەی ئایدز بن. ژمارەی ئەو نەخۆشانە لە ئورووپاو بە تایبەت ئورووپای ڕۆژهەڵات لە زیادبوون دایە. لە ئورووپای ڕۆژهەڵات، ئاسیای ناوەندی‌و ڕۆژهەڵات لە ساڵی ٢٠٠٥ لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٣ ڕادەی کەسانی گیرۆدەی ئایدز ٢٥٪ زیادی کردوەو ڕادەی مردن بەهۆی ئایدزیش دوو هێندە زیادی کردوە ( تا ١,٦ میلیۆن کەس) بەداخەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دا ئێستاش ئامارێکی بڕوا پێکراوو دروست دەست نەکەوتوە.

بەپێی وتەی بەرپرسی ناوەندی کۆنتڕۆڵی ئایدزی وەزارەتی تەندروستی ژمارەی گیرۆدە بووانی ئایدز لە وڵات گەیشتۆتە ١١ هەزارو ٩٣٠ کەس. لەو ژمارەیە تا ئێستا ١٣٧٧ کەس مردوون‌و ٥٣٩ کەس بەرەبەرە تووشی قۆناغەکانی سەرەتایی نەخۆشیی ئایدز بوون کە بە گشتی ٩٥٪ نەخۆشەکان پیاو ٥٪ یان ژنن. بەپێی بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لەکارناسان‌و پسپۆڕانی نەخۆشیی ئایدزو گشتگیر ناسی لە ئێران، بۆ وەدەستهێنانی ڕێژەی دروستی ئایدز لە وڵات دا دەبێ ئامارە ڕاگەیەندراوەکان ٦ـ ٧ هێندە بکرێن.

پێشبینی دەکرێ زیاتر لە ١٠٠ کەس لە وڵات بە ئایدزی ئەکتیڤ گیرۆدە بووبن. پێویستە بگوترێ یەکەمین نموونەی ئایدز لە ئێران لە ساڵی ١٣٦٦ لە منداڵێکی هێمۆفیلیی ٦ ساڵەدا وەبەرچاو کەوت کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەڵک لەو بەرهەمە خوێنییە هاوردە بیانیەی ڤیرووسی ئایدزیان تێدا بووە وەرگیرابوو.

**ڕێگاکانی تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدز بەگشتی بریتین لە:**

— پێوەندیی جینسی لەگەڵ کەسی نەخۆش،

- بەرهەمە خوێنییەکان،

— دەرزیی ئاڵوودە، (ئەو نموونەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە تووشبوان بە مادە سڕکەرەکان‌دا بینراوە)،

ـ گوازرانەوە لە دایکەوە بۆ منداڵ، پێش لە دایک بوون.

تا ئێستا پێوەندیی سێکس بە هۆکاری گشتیی بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی ئایدز لە دنیادا دەژمێردرێ‌و ئەو مەترسییە لەنێو هاوڕەگەزگەراداو دوو ڕەگەزگەراکان‌دا بەگشتی زۆرتر لە کەسانی دیکەیە.

دیارە لە ئێران بە سەرنجدان بە بەربەستی یاسای ئایینییەکان‌و قەدەغە بوونی قسەکردن سەبارەت بە پێوەندیی سێکسی ئەو نەخۆشییانەی بۆ پێوەندیی سێکسی دەگەڕێنەوە لەسەر شێوەی گوازرانەوەی سورەنگی ڤیرووس ئایدز لەنێو تووشبوانی مادە سڕکەرەکان‌دا پێداگری دەکرێ‌و ئاماری دروستی شێوەی ڕاگواستنی سێکسی بە ناڕوونی ماوەتەوە.

هەڵبژاردنی شێوەی دروستی پێوەندیی سێکسی‌و پەرەپێدانی کولتووری سێکس دەتوانی دەورێکی بەر چاوی لە پاراستنی تاک، کۆمەڵگاو ڕێگەگرتن لە گەشەو تەشەنەکردنی ئەو چەشنە نەخۆشییانەدا هەبێ. ئەمەش پێویستی بە بوونی ئازادییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان‌و پەرەگرتنی کولتووری هەیە، بەچەشنێک کە بە دوور لە هەر چەشنە قەدەغەیەکی ئایینی‌و ئایدیۆلۆژی ڕێز لە دەوری تاک لە کۆمەڵگەداو هەروەها بایەخ‌و بەهای ژیان بۆ خۆمان‌و کەسانی دیکە بگیرێ.

سەرچاوە:
ماڵپەری "اخبار روز".

---

**درێژەی**

# لە پێناوی ئاکتیوکردنی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا

ـ حیزب بۆ ئەوەی ژنانی زیاتر بەرەو ریزەکانی خۆی رابکێشێ، پێویستە پێوەندیی زیاتر لەگەڵ ژنانی دەرەوەی حیزب بگرێ‌و بوار برەخسێنێ بۆ راکێشانی ژنانی چالاکی نێو کۆمەڵگای کوردستان،

— لە راگەیەنەگشتییەکانی حیزب دا دەبێ وەك ئەرکێکی جیددی‌و بایەخدار ئاوڕ لە کێشەو مەسەلەکانی ژنان بدرێتەوە،

ـ ژنانی کادرو پێشمەرگە بۆ چالاکتر بوونیان لە پێناو هاوسەنگیی ئەرك‌و مافەکانی ژنان‌و پیاوان لە ریزەکانی حیزب دا، پێویستە زیاتر پەروەردە بکرێن،

ـ پرسەکانی ژنان پێویستە لە هەموو کارو چالاکییەکانی حیزب دا رەنگ بداتەوە،

ـ هاوسەنگیی نێوان ئەرکەکانی ژن‌و پیاوو گرنگیدان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا دەبێ کاری بۆ بکرێ ببێتە پرەنسیپ لە کارو تێکۆشاندا،

— پێویستە کومیتەیەك یا ناوەندێك بۆ باشتر کردنی وەزعی ژنانی پێشمەرگەو ئەندام لە حیزب داو بە مەبەستی بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانە کە حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا داونی، پێك بێ. ئەو کومیتەیە دەبێ هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە پرسەکانی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا بە ئەرکی خۆی بزانێ‌و رەوشی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب بخاتە ژێرچاوەدیری‌و لە کەموکوڕییەکان بکۆڵێتەوەو ئەو کارانەی دەبێ بکرێن وەبیر رێبەریی حیزب بهێنێتەوە.

لە حیزبی ئێمەدا بەداخەوە لە دابەشکردنی رۆڵ‌و نەخشەکان دا نایەکسانی هەیە. ئەو لاسەنگییە لە داهاتوودا لە نێوان ژن‌و پیاودا دەبێ بەلانی کەمی خۆی بگا یان هاوسەنگ بکرێ، ئەوە ئەرکێکی گشتیی هەموو ئەندامانی حیزبە. مەبەست لە ئەرکی گشتی ئەوەیە کە هەرەوەزییەکی لەخۆبردووانەی یەك یەکی ئەندامانی حیزبی دەوێ بۆ ئەو ئامانجە کار بکەن. دیارە



ژنان زۆر زیاتر دەبێ خۆیان ماندوو بکەن لەم پێناوەدا بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی دەکا واتە گرنگیدان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی حیزب دا زۆرتر بەرهەمی تێکۆشانی خۆیان بێ.

**ئەرکەکانی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب لەم پێناوەدا:**

— گەیشتن بە پۆستەکانی بەڕێوەبەری لە حیزب دا بۆ ژنان گرنگە، چونکە بڕیارەکان تەنیا پیاوان نایدەن. بەڵام دەبێ توانایی‌و وشیاریی ژنان ببێتە پێوانە بۆ ئەوەی ئەوان لەو پۆستانەدا جێبگرن. نەك چاویان لەوە بێ بیانگەیەننە سەرەوە. ئەوەش بە هەوڵ‌و ماندوو بوون‌و گرنگیدانی زیاتر بە خۆپەروەردەکردن‌و خۆوشیارکردن دەکرێ، بۆیە نابێ لە هەلومەرجی سەختیش دا لە کارو تێکۆشان دڵسارد ببنەوە،

ـ دەبێ داواو خواستی روون‌و دیاریان هەبێ‌و، بە شێلگیرییەوە بە دوای خواست‌و داواکانیانەوە بچن، بۆ ئەوەی حیزبیش داواکانیان بە هێند وەربگرێ. داواو خواستەکانیان هەتا نەگەیەننە شوێنی مەبەست، واتە ناوەندەکانی بڕیارو دەسەڵات، وازیان لێنەهێنن. هاودەنگیی خۆیان لەم پێوەندییەدا رۆڵێکی گرنگی دەبێ لە بە ئاکام گەیشتنی ئەم هەوڵانەیاندا،

— پێویستە ئازادانەو سەربەخۆو بە بێ شەرم‌و دوو دڵی، بە ئازایەتی‌و راشکاوی داواکانی خۆیان بخەنە روو،

ـ نەخشی بەرچاویان هەبێ لە گۆڕینی عەقڵییەت‌و کولتووری پیاوسالاری لە ریزەکانی حیزب دا،

— ژنان نابێ هەر تەنیا حیزبایەتی بکەن. پێویستە کارکردن بۆ پرسەکانی ژنان، مافی مرۆڤو یەکسانی، پرەنسیپی سەرەکییان بێ لە ژیان‌و کارو تێکۆشانیان دا،

ژنانی نێو ریزەکانی حیزب ئەگەر خاوەنی ئەو سیفەت‌و هەڵوێستانە نە بن کە لە سەرەوە باس کران‌و ئەگەر رێبەرانی حیزبیش نۆرم‌و بەهاکانی کولتووری پیاوسالاری بەتەوای لەخۆیان پاك نەکەنەوە، ئەم پرۆسەیە دەبێتە پرۆسەیەکی شکست خواردوو. نابێ بڕیارە پێشکەوتووەکان هەر لەسەر لاپەری کاغەزەکان ببینین.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 478   20 Jan  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 - Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنی لە سوئێد درا بە عەدنان حەسەنپوور



خەڵاتی ساڵانەی ئازدیی چاپەمەنی لە لایەن ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە سوید، درا بە ڕۆژنامەوانی بەندکراو عەدنانی حەسەنپوور.

بە پێی وتەی بەرپرسی بەشی سوئێدی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنیی ساڵی ٢٠٠٧ ی سوید دەدرێ بە عەدنانی حەسەنپوور.

عەدنان حەسەنپوور چالاکی مەدەنی و خەباتکاری بواری ڕۆژنامەوانی، هەر ئێستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامید چاوەڕوانی جێبەجێکرانی حوکمی ئیعدام دەکا کە لە چەند مانگ لەوە پێشەوە لە لایەن دادگای ئینقلابی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە، بەسەریدا سەپاوە.

لە بەیاننامەیەکدا کە بە بۆنەی بەخشینی ئەو خەڵاتە لە لایەن بەشی سوئیدی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوورەوە بڵاوکراوەتەوە، داوای ئازادیی بۆ ڕۆژنامەوانانی بەندکراو عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار کراوە .

# ماڵی ئازاد: ئازادیی سیاسی لە دنیادا لە کەمبوونەوە دایە

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ، "ماڵی ئازادی" لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە ڕۆژی چوار شەممە، ١٦ی ژانویە، بڵاو کرایەوە، ڕای گەیاند کە ئازادیی سیاسی لە بەشگەلێکی گەورە، بۆ وێنە ئێران، پاکستان، چین و وێنزۆئێلا بەرەو دابەزینە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، "ماڵی ئازادی" کە بنکەکەی لە ئەمریکایە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی دا ڕای گەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە یەك لە پێنجی وڵاتە ئازادەکانی وەك ڕووسیە و پاکستان، دۆخی سیاسی و مافی مەدەنیی خەڵك بەرەو کەمبوونەوە چووە.




لە ڕاپۆرتی "ماڵی ئازادی " دا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە ١٩٣ وڵاتی جیهان ٩٠ وڵات لە ڕیزی وڵاتانی ئازاد دا هەڵکەوتوون و نزیکەی لە سەدا ٤٦ی خەڵکی جیهان لەو وڵاتانەدا دەژین.

ئەو ڕاپۆرتە ئاماژە بەوە دەکا ئازادی لە ٣٨ وڵاتی جیهان دا بەرەو دابەزین چووە و زۆربەی ئەو وڵاتانە لە ئاسیای باشوور، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی بە سەربەخۆیی گەیشتوو لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو هەڵکەوتوون.

ئەم ڕاپۆرتە لە درێژەدا باس لەوە دەکا: کە هەڵبژاردن لە ڕووسیە ڕواڵەتییە و ولادیمیر پوتین، سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە، نفووزێکی زۆری بەسەر وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوودا هەیە.


## لەئاستی ئاسیاو ئەفریقادا

# کوردێك یەکەم فیلمی D3 ی تایبەت بە منداڵانی بەرهەم هێنا

زەردەشت محەمەد عومەر یەکەم فیلمی D3 ی ئەنیمەیشنی تایبەت بە منداڵانی لە ئاستی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقادا بەرهەم هێنا. ناوبراو لە لێدوانێکی تایبەت دا بە pukmediaی ڕاگەیاندوە: فیلمەکە ناوی " ڕەمیا"یە و بە سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی D3، ستۆدیۆ ماکس، فۆتۆ شۆپ، ئەدۆب پریمەر، ئاڤید، کیۆبەیس، کولّ ئی دیت و فلاش فیلمەکەم لە نزیکەی سەعاتێك و ٣٠ی خولەك دا  دروست کردوە. ناوبراو لەو لێدوانەدا گوتوویەتی فیلمەکە بۆ منداڵانی تەمەن ١٢ ساڵان بەرەوسەرە و لایەنی پەروەردەییشی تێدا لە بەرچاو گیراوە و لە کۆتایی فیلمەکەدا بە منداڵانی کورد دەڵێم شەڕ کۆتایی دێت و



ماڵی کوردان ئاوەدان دەبێتەوە.




کەنعان بیتار

## مرواریی دەریای وشە

ئەگەر دەوڵەتەکان بەو پووڵەی لە شەڕانی خەرج دەکەن، زەوییان کڕیبا، بە دڵنیاییەوە هەرزانتر لەو زەوییانەیان دەست دەکەوت کە بە شەڕو خوێنڕێژیی بە دەستیان هێناون. **(بنیامین فرانکلین)**

بێجگە لە حەقیقەت بەدوای شتێکی دیکەدا ناگەڕێم و لە هەرجییەك لەگەڵ حەقیقەت بەرەو ڕوو بووم بە پێویستی دەزانم ملکەچی بم.

**(فرێدریك مەزن)**

هزر دەریایەکە کە مرواریەکەی، فەلسەفەو ڕووناکبیرییە. **(یەحیا بەرمەکی)**

شەڕافەت و گەورەیی ڕاستەقینە هی کەسانێکە کە زیاتر خزمەتی مرۆڤیان کردوە و کوێرەوەریی ئەم بوونەوەرە کلۆڵەیان کەمتر کردۆتەوە.

**(لوویی پاستۆر)**

## بەر لەماڵاوایی

# کۆڵبەری
# لە نێوان کارو تاوان دا

عەلی بداغی

کۆڵبەری لەمێژ ساڵە وەك کاری سەرەکیی زۆر لە هاووڵاتیانی کوردی ناوچە سنووریەکان دا جێی خۆی کردۆتەوە. کارێك کە پیرو لاوو تەنانەت ژنان و منداڵان و مێرمنداڵانی کاسبکاری بنەماڵە، لە ڕووی ناچاری و بە هۆی بێکاری و خەرج گرانی و نەهامەتییەکانی دیکەی ژیانەوە ڕووی تێدەکەن.

کۆڵبەر بە کەسێك دەڵێن کە بە هێنان و بردنی کەلوپەل و شتومەك بە شان و کۆڵی خۆی لە ناوچە سنووریەکان، بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و ماڵ و خێزانی دابین دەکا، بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەك وەك کاسبکار، بەڵکوو وەك قاچاغچی و تاوانبار سەیری ئەم خەڵکە زەحمەتکێشە دەکەن و دژ بەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

ئەو کۆڵبەرانەی وا هەموو ژیانیان چیرۆکی کارەسات و نەگبەتییەکانی ژیانی کوردانە و هەرکام لەوان باری هەزاران خەمیان لە کۆڵ ناوە، چلۆن دەکرێ تاوانی قاچاغچییان لە پاڵ بدرێ و بە لێدانی ئەم تاوانە نەکراوە ڕێ بۆ لێدان و گرتن و سەپاندنی سزای قورسیان بەسەردا خۆش بکرێ؟

لە بیرمان نەچێ ئەو کۆڵبەرانە و ئەو بەناو قاچاغچییانە بەشێك لەو "ڕەسەنترین نەتەوەی ئێرانی"و "بوێرترین سنوور پارێزانی" وڵاتن کە کاربەدەستانی ڕێژیم تەنیا لە کاتی بەناو هەڵبژاردنەکاندا پێیان هەڵ دەڵێن کەچی ئەوان بە کوڵەمەرگی دەژین و ژیانیان وەمەترسی دەخەن بۆ وەی پارووە نانێك بۆ خۆیان و بۆ ماڵ و منداڵیان دابین بکەن. ئەوان لە ناوچەیەك دا دەژین کە بە وتەی پایەبەرزانی ڕێژیم لە هێمنترین و ئەمنترین ناوچەکانی وڵاتە، کەچی کارو کاسبی و کارگە و پیشەسازی و کارخانەی تێدا قاتە. ژیان لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان واتە شوێنی سەرەکیی ژیانی کۆڵبەرانی وەڕەز لە مان گەلێك سەختترو دژوارترە لە چاو شوێنەکانی دیکەی کوردستان. ئەو ناوچانە هەموو کات و زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان سووتەمەنیی شەڕو پێکدادان بوون، زەوییەکانیان بە جێی لە خۆگرتنی دەغڵ و دان بوونەتە هەزاران کێڵگەی ئەو مینانەی  هەر بە ڕووی دانیشتوانی ناوچەکەشدا تەقیونەتەوە و دەتەقێنەوە.

ئەو ناوچانە لە نێوان شەڕی ئێران و عێراقدا زۆرترین زیانیان وێکەوت و لە سەردەمی بە ناو "سازندگی"و ئاوەدانکردنەوەش دا کەمترین ئاوڕیان لێ درایەوە و ئێستاکەش زۆرترین قوربانیانی کارەساتەکانی پاشماوەی شەڕو سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم دەرهەق بە نەتەوەی کورد هەر لەو گەلەن. گەلێك کە تەنانەت ژیانی کۆڵبەری و شەوبەکێویشی  پێ ڕەوا نابیندرێ.

ڕامان لە ژیانی کوڵەمەرگی و پڕاوپڕ لە دۆخی لە گێڕانەوەنەهاتووی ئەم خەڵکە، ویژدانی وەخەبەری هەر مرۆڤێکی دەروەست بە مرۆڤایەتی دەهەژێنێ.

ئەوان دەزانن تەقەیان لێدەکرێ و دەکەونە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیم، ئەوان دەزانن مینە نوستوەکانی نێو دڵی زەوی چاوەڕوانیان دەکەن و هاکا گرمەیەك و پەڕینی دەست و لاقێك و لە لێدان کەوتنی دڵێك و هەتیوو بوونی چەند منداڵێکی چاوەڕوان و بێسەرپەرەست و بێنانهێنەر کەوتنەوەی بنەماڵەیەکی لێ بکەوێتەوە. ئەوان دەزانن سەرماو سۆڵ و شەختە و بەفرو کڕێوە بێبەزیین، لەوانەیە برستیان لێ ببڕێ و ڕەقیان هەڵێنێ یا خۆ بکەونە ژێر ڕنووی بەفرو لەوانەشە بەرگەی ڕەوەزو هەڵدێران نەگرن و بکەونە بەر ڕقی سروشت، بەڵام پێداویستیەکانی کۆشێك منداڵی برسی و چاوەڕوان و نەبوونی هیچ تروسکەی هیوایەك بۆ دابین کردنی نیازو پێداویستیەکانی ژیان تین وەبەر هەنگاوەکانیان دەنێ و وا دەکاو بگرە ناچاریان دەکا بیر لە گرفت و کۆسپ و کۆستەکانی بەردەم ڕێیان نەکەنەوە.

ئەوان ڕێگای هات و نەهات و مان و نەمان دەگرن و لەولاش دڵەخورپە بۆ ساتێکیش لە بنەماڵەکانیان نابێتەوە کە ئاخۆ بڵێی کاسبکارەکانیان، برا، باوك یان هاوسەرەکانیان جارێکی دیکە سەر بە دەرگای ماڵیدا بکەنەوە و تەنیا بۆ نوچدان و تۆزێ پشوودان لایان بمێننەوە. لە ڕاستیدا نە ئەوان قاچاخچین و نە ئەو کەلوپەلانەی ئەو کۆڵبەرانە لە سەریان دەدرێنە بەر دەسدرێژ یان لێیان دەگیرێ و بەم سۆنەگەیەوە دەخرێنە زیندان، شتومەکی قاچاغن و نە کردەوە نامرۆیەکانی هێزەکانی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا، پاساو هەڵدەگرێ.

چونکە بێگومان هەموو ئەو پەنا بردنانە بۆ بەرکاری وەك کۆڵبەری هەموو لە ڕووی ناچاری و بێدەرەتانییە، ئەگینا ئەگەر لە کوردستان دەرفەتی کارو کارگە و کارخانە بۆ کارو حەوانەوە هەبێ، ئەوا نە هیچ کەس کۆڵبەری دەکاو نە کۆڵبەر دەمێنێ و نە ئەو شمەك و کەلوپەلانەی وەك کاڵای قاچاخ ناویان دەبرێ، لەو ناوچانە بۆ ئەم لاو ئەولا بەرێ دەکرێ و نە کەسی کرێکاری خوازیاری کار بەڵام بێکار تەنانەت بیر لە کۆڵبەری بەو هەموو ئاستەنگ و دژواری و نەهامەتییانەوە دەکاتەوە.

هەر ئەوە نیە کە گەرما دادێ و وەرزی کاری کورەخانەکان دەست پێدەکا، بەشی هەرە زۆری ئەو کۆڵبەرانە ڕوو لە کورەخانەکان دەکەن! جا کەوا بوو دەردی ئەم کۆڵبەرانە بێکاری و بێدەرەتانییە کە ناچار دەبن لە وەرزی ساردو تووشی زستان دا مل بدەنە ئەو کارە. بەڵام  لەگەڵ ئەوەش  کام یاساو ڕێسای ئینسانی و کامە شەرع ڕێگەدەدا کە ئەو کاسبکارە کوردانە بەبێ هیچ تاوانێك لەلایەن مەئمووڕانی ڕێژیمەوە بدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و ماڵ و ژیانیان لێتێك بدرێ و کەلوپەل و شتومەکەکەشیان بە تاڵان ببرێ؟ ئەگەر هەر بەڕاست سات و سەوداو هێنان و بردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان و خواردن و کۆڵبەری قاچاخ و تاوانە، باشە کامە یاسا ڕێگە دەدا بەبێ گرتن و دادگاییکردن سزایەکی ئاوا نامرۆڤانەیان بەسەردا بسەپێندرێ و بکوژان و بڕیاردەرانی ئەو کارەساتانەش دەسخۆشییان لێبکرێ و ڕێزیان لێبگیرێ، وەك چۆن نموونەکەیمان بەدەیان جار بینیوە.

ئەو جۆرە کردەوانەی ڕێژیم ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکەن و دەیسلمێنن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەر بە هۆی کوردبوونیان تاوانبارو نەیارن و کوشتن و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان دا شتێکی ئاسایی و حەڵاڵ و ڕەوایە. هەر بۆیەش کوردستان بەردەوام لە هەژاری و دواکەوتوویی ئابووریدا ڕادەگرن، ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکانی نەتەوەی کورد زەوت دەکەن و هەرچی مەینەتی و دەردو ئازارە بەسەر ئەو خەڵکەی دەهێنن.